
هەرێمی کوردستان.. یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بەرز راگیرا

سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری موسڵمانان دەکات

خەبات
XEBAT
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5867) یەک شەممە 10ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەرە «500» دینار

ئەمڕۆ.. نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ محەمەد بن زاید کۆدەبێتەوە



ئێوارەی دوێنێ شەممە 2019/11/9 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە ئەبو زەبی لە ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو. سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ئەمڕۆ یەکشەممە لەگەڵ بەڕێز محەمەد بن زاید جێنشینی ئەبو زەبی و جێگری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئیمارات و سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ئیمارەتی ئەبو زەبی کۆدەبێتەوە.

فەرەنسا دەیەوێت رێککەوتننامەیەک لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا واژۆ بکات

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا ڕایدەگەیەنێت، گەورەترین هەرێمی فەرەنسا دەیەوێت رێککەوتننامەیەکی هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا واژۆ بکات و، بەم زووانەش شاندێکیان سەردانی کوردستان دەکات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ڕووسیا ئامادەیە گەرەنتیی ڕێککەوتنی دیمەشق و کورد بکات

گوتەبەدێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا باس لە ئامادەیی ولاتەکەی دەکات کەلە داهاتوودا ئامادەن گەرەنتیی ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی دیمەشق و کوردانی سووریا بکەن. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

سەرۆکی حکوومەت لە ڕەوشی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکۆڵێتەوە

مەسرور بارزانی: لە خزمەتکردنی خوشک و برایانی ڕۆژئاوامان درێغی ناکەین



دوێنێ شەممە 2019/11/9 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی کەمپی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستانی لە بەردەڕەش کرد. سەرۆکی حکوومەت لە سەردانەکەیدا بۆ کەمپی بەردەڕەش، لە نزیکەوە لە ژیان و گوزەرانی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستانی کۆڵیەوە کە بەهۆی هێرشەکانی تورکیا، ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوونە.

مەسرور بارزانی لە میانی سەردانکردن و بەسەرکردنەوەی کەمپی بەردەڕەش رایگەیاند: دەستخۆشی لە هەمووان دەکەم کە پێشوازیتان لە خوشک و برایانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان کردووە. ڕاشیگەیاند، یەک ملیۆن و 500 هەزار ئاوارە ئێستا لە هەموو پارێزگاکانی کوردستانن کە ئەمە ئەرکێکی زۆری خستووەتە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سالانە یەک ملیار و 500 ملیۆن دۆلار خەرجی بەڕێوەبردنی ئەم کامپانانەن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

عادل عەبدولمەهدی: گۆڕانکاری گرنگ لە کابینەی وەزاری دەکەین و پشت بە ریزبەندییەکی نوێی موچە دەبەستین

عادل عەبدولمەهدی ڕایدەگەیێنێت، گۆڕانکاری گرنگ لە کابینەی وەزاری دەکەن و بڕیاری نوێ بۆ چاکسازی دەردەکەن و پشت بە ریزبەندییەکی نوێ موچە دەبەستن. عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق سەبارەت بە گوتاری مەرجەعییەت بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو تێیدا جەخت لەسەر پشتیوانیکردن لە خۆپیشاندانی ئاشتیانە دەکاتەوە پێیوایە، خۆپیشاندان فاکتەرێکی گرنگە بۆ گوشار دروستکردن و چاودێریکردنی چاکسازیی پێویست. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



هێزەکانی تورکیا لە ڕۆژئاوای کوردستان بەردباران کران

ڕووسیا و تورکیا گەڕێکی چاودێری هاوبەش لە شارۆچکەی گرکێ لەگێی ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجام دەدەن و خەڵکی گوندەکانیش بەردبارانیان دەکەن. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

کۆڵبەرەکان بۆ پەیداکردنی نان، شەڕ لەگەڵ مەرگ دەکەن



لەنزیک سنووری نێوان باشووری کوردستان و وڵاتی ئێران، کۆڵبەرەکان ڕۆژانە ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسیەوە و بەکۆڵ باڕێکی زۆر دەگوازنەوە لەپێناو پەیداکردنی ناندا، لەکاتێکدا چەند جارێک لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ئێرانەوە تەقەیان لێکراوە و ڕووبەڕووی مەرگ بوونەتەوە.
(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)

یەکهێزی بەردی بناغەی یەکڕیزییە

سەلام عەبدوڵلا

یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی دڵەڕاوکێی خەڵکی هەرێم لە هەر پێشهاتێکدا، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یەکهێزی کە لایەنێکی زۆر پێویستە بۆ بەرقەراربوونی سەقامگیری و ئەمن و ئاسایش و نەهێشتنی نیگەرانیی خەڵک، چونکە لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی پارتی و یەکێتی ئەگەر تەنیا بە وشەو ڕاگەیاندنێکی میدیاشدا بێت، ئەو ترسە یەخەی دانیشتووانی هەرێم دەگرێت و بارودۆخی بازاڕیش بەرەپێیە ئاڵۆزیی و نامتمانەیی تێدا پەیدا دەبێت.

ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تا ئێستا هێزێکی سەربازیی یەکگرتووی تەواو و سەرتاسەری نییە، ئەگەرچی هەوڵی بۆ دراوەو بە بەردەوامی هەوڵیشی بۆ دەدرێت، بەتایبەتی وا (27) ساڵ بەسەر دامەزراندنی قەوارەی هەرێمدا تێدەپەڕێت، بەڵام هێشتا ئەو یەکهێزە نەهاتۆتە کایەوە کە ئەرکی بەرگری لە وڵات بخاتە سەرشانی و خۆی تێکەڵی ململانێی حزبە سیاسییەکان نەکات.

هۆکاری سەرەکیی سەقامگیریی سیاسی لە هەموو وڵاتێکدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یەکهێزەی کە فەرمان تەنیا لە سەرۆکی وڵات یان وەزیری بەرگرییەوە وەردەگرێ و گوێڕایەڵی هیچ لایەنێکی تر نابێت، بەوەش هێزی سەربازی سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێ و داخڵی هیچ ململانێیەکی حزبی نابێت و بێلایەن دەبێت، کە ئەمەش دڵنیایی بە هاوواڵاتیانی دەدات و نەیارانیش هیچ کون و کەلێنێک نابینەوە بۆ دەستتێوەردان و شێواندنی بارودۆخی نێوخۆی وڵاتەکە.

جا ئەم یەکهێزییە دەبێتە بەردی بناغەی یەکڕیزی حزبە جیاجیاکانیش و دەبێتە شاکۆڵەکەی سەقامگیریی نێوخۆی وڵات و پشتیوانێکی بەهێزیش دەبێت بۆ بەرقەراربوونی سیستەمی دیموکراتی، چونکە ئیدی هیچ حزبێک، لەبەر نەبوونی هێزی سەربازی، بیر لە کودەتاو شێواندنی بارودۆخی وڵات بۆ دەستکەوتی حزبی ناکاتەوە.

هەر ئەو ڕاستییەشە کە لە وڵاتانی دیموکراتی بە ئاشکرا بەدی دەکرێ کە هێزی سوپای وڵات، چونکە سوپای حزب و لایەن نییەو لە دەرەوەی ململانێی حزبییە، بۆیە کەس بیر لە کودەتا ناکاتەوەو بە گۆڕینی دەسەڵاتیش بە شێوازی دیموکراتیانە، جا لەلایەن هەر حزب و بەرەیەکەوە بێت، ئەوا سوپا هەروەک خۆی دەمێنێتەوەو گۆڕانکاری بەسەردا نایەت. بە پێچەوانەشەوە ئەو وڵاتانەی خاوەنی فرە هێزو میلیشیای جیاوازو نەبوونی سوپایەکی یەکگرتوون، ئەوا هەمیشە لە ناسەقامگیریدا دەژین و شەڕو ئاژاوەو کودەتای سەربازی و لێکترازانی کۆمەڵگەو دوژمنکاری نێو پێکهاتەکان هەر بەردەوام دەبێت.

بۆیە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە دەسەڵات لە هەرێم ئەم مەسەلەیە زۆر بە گرنگی و بایەخەوە بگرێت و بیکاتە کاری سەرەکی خۆی.

بارودۆخی ناوچەکە لە گۆڕانی خێرا دایەو مەترسییەکانیش کەم نین، بۆیە ئەم ئەرکە پیرۆزە کاری خێراشی دەوێ.



پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
بۆ یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)

دوێنێ شەمە بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی موحەمەد «د.خ» نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە سەرجەم موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان کرد، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی موحەمەد «د.خ» گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرجەم موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەین، ئومێدەوارین ئەم یادە پیرۆزە ببێتە مایەی خێر و خۆشی بۆ هەموو گەلانی ناوچەکەمان و جیهان، هانی زیاتری هەموو لایەک بدات بۆ سەرخستنی پەیامی ئاشتی و ڕەخساندنی زەمینەی دۆستایەتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیان لەنێوان گەلان و سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکاندا.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/11/9



پەیامی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)

بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی موحەمەد «د.خ» مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی هەینی لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە سەرجەم موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان کرد، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە بۆنەی یادی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد (دروودی خوای لە سەر بێت)، گەرمترین پیرۆزبایی لە موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەم. هیوادارم خوای مەزن ئەم یادە پیرۆزە بکاتە مایەی شادی و خۆشگوزەرانی و، گەشەپێدانی بەیەکەوەژیانی ئاشتیانە و تەبایی زیاتر، لە نێو گشت پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان و، سەقامگیربوونی ئاشتی و ئارامیی لە عێراق و ناوچەکەدا.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2019/11/8

پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی محەمەد (د.خ)

بە بۆنەی هاتنەوەی جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی (محەمەد) دروودی خوای لەسەر بێت، گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرجەم موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەین، ئومێدەوارین ئەو بۆنە پیرۆزە هەوێنی خێر و خۆشی و ئارامی بێ و زیاتر گیانی برایەتی و لێبووردەیی و تەبایی بچەسپێ و گەلەکەمان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە دەردەسەری و ناخۆشی بەدوور بێ.

لەو دەرفەتەدا جەخت دەکەینەوە سەر پەیامی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و هەماهەنگی و پتەوکردنی ڕۆحی هاوبەشی بەیەکەوەژیان و دابینکردنی زەوینەی لەباری خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی و ڕەتکردنەوە و نەهێشتنی نەریتی نەویستراوی دووبەرەکی و تووندڕۆیی و شەڕانگێزی.

جارێکی دیکە یادی لەدایکبوونی حەزرەتی (محەمەد) دروودی خوای لەسەر بێت، لە گشت موسڵمانان پیرۆز بێت.

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/11/9

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە شاندێکی پەیمانگەی یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ دەکات

هێمن هەورامی: دەبێت مافە یاسایی و ئیداریی و دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و قەوارە فیدراڵییەکەی پارێزراو بێت



پاشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە 2019/11/7 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە تەلاری پەرلەمان پێشوازی لە شاندێکی پەیمانگەی یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ کرد.

شاندەکەی پەیمانگەی یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ بەسەرۆکایەتی ولیەم سپێنسەر بەڕێوەبەری پەیمانگەکە ، خۆشحاڵی خۆیان بەو پێشوازییە دەربڕی و ڕایانگەیاند ئەوان پێشنیاز دەکەن هاوکاری پەرلەمانی کوردستان بکەن لە ڕووی ڕاوێژی یاسایی و مەشقپێکردنی ئەندامان لەکاری پەرلەمانییدا .

لەلایەن خۆیەوە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باسی لە سروشتی کارکردنی پەرلەمانی کوردستان کرد کە لە ئێستادا بە پێی پەیڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی پەرلەمان لێژنەکان لە 15 لێژنەوە زیادکراون بۆ 19 لێژنە، پاشان باسی لە ئەولەویەتی ئەو یاسایانەکرد کە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی لە سەرجەم سێکتەرەکاندا ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت کە دەتوانن لەم ڕووەوە هاوکاری پەرلەمانی کوردستان بن و لەڕووی ڕێکخستنی ئیدارەی و دانانی داتابەیس بۆ ئیدارەی پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵیان هەبێت، لە تەوەرێکی تردا جێگری سەرۆکی پەرلەمان باسی لە دۆخی ئێستای عێراق کرد و نیگەرانی هەرێمی کوردستانی خستەڕوو بە دروستبوونی ئەو دۆخەی کە هەیە، لەبارەی هەمواکردنەوەی دەستووری عێراقیش ڕایگەیاند بۆ هەر هەموارێک لە دەستوور، دەبێت مافە یاسایی و ئیداریی و دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و قەوارە فیدراڵییەکەی پارێزراو بێت.

شایانی باسە پەیمانگەی یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ ڕێکخراوێکی ئەمەریکییە و لە ساڵی 2007ـەوە وەکو ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراقی فیدراڵ کاردەکەن و هاوکاری نووسینەوەی دەستووری عێراقی فیدراڵیشیان کردووە.



سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان
یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) پیرۆز دەکات

بەبۆنەی یادی لە دایکبوونی پێغەمبەری موسڵمانان حەزرەتی محمد (د.خ)، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە سەرجەم موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکات و خوازیارە گەرانەوەی ئەو یادە پیرۆزە ببێتەمایەی زیاتری پێگیربوون بە ئاکارە بەرزە مرۆییەکانی ئەو زاتە پیرۆزە، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەبۆنەی هاتنەوەی یادی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام، حەزرەتی محمد (د.خ) جوانترین پیرۆزبایی لە سەرجەم موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەین، خوازیارین گەرانەوەی ئەو یادە پیرۆزە ببێتەمایەی زیاتری پێگیربوون بە ئاکارە بەرزە مرۆییەکانی ئەو زاتە پیرۆزە.

حەزرەتی محمد (د.خ) هەروەک لە قورئانی پیرۆز وەسفی کراوە (وانک لعلی خلق عظیم) نموونەی ڕەوشتبەرزی و پاکی و بێگەردی بووە، کۆمەڵێک بەهای بەرزی مرۆڤایەتی لە دڵ و دەروونی ملیۆنەها مرۆڤ چەساندووە، بەم بۆنە پیرۆزەوە داواکارین لە یەزدانی مەزن خۆشی و ئاشتی و تەبایی باڵ بەسەر کوردستان و عێراق و هەموو جیهاندا بکێشێت و ئەم یادکردنەوەیە هۆکارێک بێت بۆ هێنانەکایەوەی ئاشتەوایی زیاتر بۆ عێراق و ناوچەکە و هەموو جیهان. دووبارە ئەو یادە لە سەرجەم موسڵمانان پیرۆزبێت.

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان
2019/11/8

عێراق.. کەوتنەخوارەوەی 17 مووشەک لە نزیک بنکەیەکی سەربازیی ئەمەریکا لە نەینەوا



شەوی هەینی 2019/11/8 وەزارەتی بەرگریی عێراق بڵاویکردەوە 17 مووشەک لە نزیک بنکەیەکی سەربازیی کە هێزەکانی ئەمەریکا لە باکووری عێراق تیایدا جێگیربوونە، کەوتووەتە خوارەوە. شانەی ڕاگەیاندنی جەنگیی سەربە وەزارەتی بەرگریی عێراق لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاشکرایکردووە، هێزە ئەمنییەکان هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنینیان بۆ دۆزینەوەی ئەو تیرۆریستانە دەستپێکردووە کە 17 مووشەکیان ئاراستەی بنکەی سەربازیی گەیارە لە پارێزگای نەینەوا کردووە.

بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، مووشەکەکان لە نزیک بنکە سەربازییەکە کەوتوونەتە خوارەوە و ئەوەش ئاشکرا کراوە لە ئاکامی کەوتنەخوارەوەیان هیچ زیانێکی گیانی و مادیی نەکەوتووەتەوە.

لای خۆیەوە فەرماندەی سوپا لە پارێزگای نەینەوا، لیوا ڕوکن نومان زەوبعی لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕایگەیاندووە "وەلامی تیرۆریستان دراوەتەوە". زەوبعی ئاماژەی بەوەشکردووە، ئۆتۆمبێلێکی تیرۆریستان تێکشکێنراوە، سێ تیرۆریست کوژراون، سێ مووشەک لە شوێنی ڕووداوەکە دۆزرانەتەوە و هەڵگیراونەتەوە، هەروەها دەست بەسەر ئۆتۆمبێلێکی دیکەدا گیراوە کە سەکۆی مووشەکی لەسەر بووە.

"گەیارە" بنکەیەکی ئاسمانییە کە هێزەکانی ئەمەریکا لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش تیایدا جێگیربوونە و فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمەریکا لەو بنکە ئاسمانییەوە ئۆپەراسیۆنی دژ بە ڕێکخراوەکەیان ئەنجامدەدا. تا ئێستا هەزاران سەربازی ئەمەریکا لەچوارچێوەی هەوڵەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لە عێراق جێگیربوونە.

کۆتایی ساڵی 2017 هێزە عێراقییەکان بە پاڵپشتیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و دوای سێ ساڵ لە شەڕێکی سەخت دژی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکە تەواوی ئەو ڕووبەرەیان کۆنترۆڵکردەوە کە بە یەک لەسەر سێی خاکی عێراق هەژماردەکرا و داعش لە هاوینی 2014کۆنترۆڵیکردبوو.

فەرەنسا دەیەوێت ڕێککەوتنامەیەک لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا واژۆ بکات



نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا ڕایدەگەیەنێت، گەورەترین هەرێمی فەرەنسا دەیەوێت ڕێککەوتنامەیەکی هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا واژۆ بکات و، بەم زووانەش شاندێکیان سەردانی کوردستان دەکات.

د. عەلی دۆلەمەڕی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: وەکو نوێنەری حکوومەتی هەرێم و بە ئامادەبوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی هەرێمەکان، کە پێک هاتوون لە سەرۆکی گرووپە سیاسییەکان، لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی ئیل دو فرانس، کە گەورەترین هەرێمە لە وڵاتی فەرەنسا، بەڕێز (قالێری پێکرێس) کۆبوونەوە.

دۆلەمەڕی ڕاشیگەیاندووە: لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی هەرێمی ئیل دو فرانس، هاوکاری و یارمەتیدانی خۆیانی دووپات کردەوە بۆ گەلی کورد، بۆ ئەم مەبەستەش پڕۆژەیەکی هاوبەش لە نێوان هەردوو هەرێم خرایە ڕوو و لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بڕیارە شاندێکیان سەردانی هەرێمی کوردستان بکات.

نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە فەرەنسا گوتیشی: هەرێمی ئیل دو فرانس دەیانەوێت ڕێککەوتنامەیەکی هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان واژۆ بکەن بۆ هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان، هەروەها دەخوازن هاوکاری ئاوارەکان و هەردوو قوتابخانەی فەرەنسی و کۆلێژی زمان بن بە دابینکردنی کتێب، جگە لەوە چەند پڕۆژەیەکی تریشیان لە بەردەستە بۆ حکوومەتی هەرێم کە حکوومەت پێویستی پێی هەبێت.

جێی باسە هەرێمی ئیل دو فرانس، کە دەکەوێتە باکووری ناوەڕاستی وڵاتی فەرەنسا، لە هەشت پارێزگا و 25 قەزا و 155 ناحیە و 1276 گوند پێکدێت و، ژمارەی دانیشتووانەکەیشی 12 ملیۆن کەسە.

سەرۆکی حکوومەت لە ڕەوشی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکۆڵێتەوە

مەسرور بارزانی: لە خزمەتکردنی خوشک و برایانی ڕۆژئاوامان دریغی ناکەین







دوێنێ شەممە 2019/11/9 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی کەمپی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستانی لە بەردەڕەش کرد. سەرۆکی حکوومەت لە سەردانەکەیدا بۆ کەمپی بەردەڕەش، لە نزیکەوە لە ژیان و گوزەرانی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستانی کۆڵیەوە کە بەهۆی هێرشەکانی تورکیا، ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوونە.

مەسرور بارزانی لە میانی سەردانیکردن و بەسەرکردنەوەی کەمپی بەردەڕەش ڕایگەیاند: دەستخۆشی لە هەموان دەکەم کە پێشوازیتان لە خوشک و برایانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان کردووە. ڕاشیگەیاند، یەک ملیۆن و 500 هەزار ئاوارە ئێستا لە هەموو پارێزگاکانی کوردستانن کە ئەمە ئەرکێکی زۆری خستووەتە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سالانە یەک ملیار و500 ملیۆن دۆلار خەرجی بەڕێوەبردنی ئەم کەمپانەن.

مەسرور بارزانی گوتیشی: هاوکاری کردنی ئەم پەنابەرانە ئەرکێکی نیشتمانی و داوا لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و هاوپەیمانانمان دەکەین هاوکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبردنی ئەم کەمپانە بکەن.

سەرۆکی حکوومەت داوای لە بەڕێوەبەرانی کەمپەکەش کرد : تاوەکو ئەو کاتەی ئەم پەنابەرانە کێشەکانیان چارەسەر دەبن و دەچنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، ئێمە پێشوازییان لێدەکەین و داوا دەکەم لە خزمەتکردنیان کەمتەرخەمیی نەکەن.

هەروەها سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوەشکرد: لەسەر ئاستی سیاسیش، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت تاوەکو کێشە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان چارەسەر بێن.

مەسرور بارزانی بەشداریی لە مەراسیمی مەولودی پێغەمبەری ئیسلام دەکات



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر بەشداریی لە مەراسیمی مەولودی پێغەمبەری ئیسلام دەکات. دوێنێ شەممە 2019/11/9 لە مزگەوتی (سەواف) لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، چەندان مەراسیم بە بۆنەی مەولودی پێغەمبەری ئیسلام بە بەشداریی دەیان هەزار کەس بەڕێوە چوو.

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە یاوەریی پارێزگاری هەولێر و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ژمارەیەک لە وەزیرەکان، بەشداریان لە مەراسیمی مەولودی پێغەمبەری ئیسلامدا کرد.جێی باسە سالانە شاری هەولێر جیاواز لە سەرجەم شارەکانی دیکەی کوردستان و عێراق و ناوچەکە، وەک بۆنەیەکی ئایینی و کۆمەلایەتیی جیاواز، یادی مەولودی پێغەمبەری ئیسلام بەڕێوەدەچێت و هاوواڵتیان خواردن و شیرینی دەبەخشنەوە.

لە دەڤەری پشدەر سوپای پاسداران تەقە لە کۆڵبەران دەکەن



سوپای پاسدارانی ئێران لە سنووری پشدەر تەقە لە کۆڵبەران دەکەن دوو کۆڵبەر بریندار دەبێت بۆ چارەسەرییش دەگەیەندرێن نەخۆشخانەی قەڵادزێ. بەرەبەیانی دوێنێ شەممە لە نزیک گوندی زەڵێ لە دەڤەری پشدەر ژمارەیەک کۆڵبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی گەرانەوەیان بۆ ناو خاکی ئێران، سوپای پاسدارانی ئێران لە دۆڵێکی نزیک گوندی زەڵێ لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان تەقە لە ژمارەیەک کۆڵبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن، دوو لە کۆڵبەرەکان بە ناوی سیروان حسێن عبدلله تەمەنی 25 ساڵ و گولەی بەر سکی دەکەوێت و ئەو تریان بە ناوی سیامەند محەمەد عەبدوڵڵا گولەی بەر لاقی دەکەوێت و هەردووکیان بریندارە دەبن و دواتر دەگەیەنرێنە نەخۆشخانەی قەڵادزێ بۆ چارەسەر هەرچی کۆڵبەرەکەی دیکەش هەڵاتوون.

لە بارەشەوە عسمان ئەحمەد بەرێوەبەری نەخۆشخانەی قەڵادزێ بە کوردستان تیڤی ڕاگەیاندووە کاتژمێر هەشتی دوێنێ دوو بریندارى ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیەنراونەوە نەخۆشخانەی قەڵادزێ فیشەک بەر سک و لاقیان کەوتووە بەهۆی سەختی برینەکەیان نەشتەرگەریان بۆ کراوە.

عادل عەبدولمەهدی: گۆڕانکاریی گرنگ لە کابینەی وەزاری دەکەین و پشت بە ریزبەندییەکی نوێی مووچە دەبەستین



ڕووداو/

عادل عەبدولمەهدی ڕایدەگەیێنێت، گۆڕانکاریی گرنگ لە کابینەی وەزاری دەکەن و بڕیاری نوێ بۆ چاکسازی دەردەکەن و پشت بە ریزبەندییەکی نوێ مووچە دەبەستن. عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق سەبارەت بە گوتاری مەرجەعییەت بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو تێیدا جەخت لەسەر پشتیوانیکردن لە خۆپیشاندانی ئاشتیانە دەکاتەوەو پێیوایە، خۆپیشاندان فاکتەرێکی گرنگە بۆ گوشار دروستکردن و چاودێریکردنی چاکسازیی پێویست. دەشڵێت، خۆپیشاندانەکان گوشار دەخەنە سەر هێزە سیاسییەکان و حکوومەت و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری تاوەکو ڕێڕەوەکە ڕاستبکەنەوە و گۆڕانکارییەکان پەسندبکەن.

پێویستە خۆپیشاندانی ئاشتیانەش هاوکارییت بۆ ئەوەی ژیان بەڕەو دۆخی سروشتی خۆی بگەڕێتەوە.

سەرۆکوەزیرانی عێراق دووپاتیشیکردەوە، حکوومەت و دەسەڵاتی دادوەری بەردەوامدەبن لە بەدواداچوون بۆ بابەتی کوژران و برینداربوونی خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان، هەرکەسێکیش لەوە تێوەگلابێت دەدەرێتە دادگا و بەدوای ئەوانەوەن کە هێرش و پەلامارییان بۆ سەر خۆپیشاندەران ئەنجامداوە.

عادل عەبدولمەهدی ئاماژەی بەوەکرد، وەڵامی داواکاریی خۆپیشاندەران دەدەنەوە و گۆڕانکاری گرنگ لە کابینەی وەزاریی دەکەن لە چەند ڕۆژی داهاتوودا چەندین هەنگاو دەگرنەبەر بۆ چاکسازییکردن لە سیستەمی هەڵبژاردن و کۆمیسیۆندا. لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیێندراوەکەدا سەرۆکوەزیرانی عێراق لەبارەی ڕاگرتنی هێڵەکانی ئینەرنێت گوتی، ئینەرنێت ڕاستییەکی هاوچەرخ و مافی هەموانە، ئامرازێکە بۆ گەیاندنی دەنگ و ڕای ئازاد، هەندێک کات دەسەڵات بۆ بەرگریکردن لە مافی هەموان سنووداری دەکات، کاتێک دەبینی بەکاردەهێنرێت بۆ بڕەودان بە تووندوتیژی و ڕق و کینە و پیلانگێڕی بەسەر وڵات و پەکخستنی ژیانی گشتی.

هەر لە بەیاننامەیەکدا سەرۆکوەزیرانی عێراق جەختی لەوەکردەوە، حکوومەت ڕژدە لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارە چاکسازییەکانی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی نوێنەران چارەسەر بێن.

جێی باسە کەمپی بەردەڕەش کە تایبەتە بەو پەنابەرانەی بەهۆی هێرشەکانی تورکیا لە ڕۆژئاوای کوردستان هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، 2 هەزارو 619 خێزان لێی نیشتەجێ بوون و پێکهاتوون لە 11 هەزار کەس.

فۆتۆ/ فەرهاد ئەحمەد شەریف



سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی بایرنی ئەڵمانیا پێشوازیی لە شاندێکی لاوانی کوردستان کرد

.

لە شاری میونخی پایتەختی هەرێمی بایرنی ئەڵمانیا شاندێکی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە لایەن د. فلۆریان هیرمان، نوێنەری سەرۆکی حکوومەت، کە هاوکات وەزیری دەوڵەتیشە بۆ پەیوەندییەکانی ئەورووپا پێشوازیی کران . لە دیدارەکەدا، کە لە لایەن سەرۆکایەتیی لاوانی پارتی سیئێسیۆی ئەڵمانیاوە ڕێکخرابوو، شاندی لاوانی کوردستان سوپاسی سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێم و لاوانی بایرنیان کرد بۆ ئەو پێشوازییە فەرمییە.

لاوانی کوردستان باسی دواین ڕەوشی سیاسی و ئابووریی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتیان بۆ دکتۆر فلۆریان کرد و هیوایان خواست چۆن دۆستایەتیی لاوانی هەردوو هەرێم لە ئاستێکی باشدایە، بە هەمان شێوە لە لایەن هەردوو هەرێمەوە دۆستایەتییەکان لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووریش پتەو بکرێن.

سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی بایرن بەگەرمی بەخێرهاتنی شاندی میوانیان کرد و ئاماژەیی خۆیان دەربڕی بۆ هەر هەماهەنگییەک لە نێوان هەردوولادا و، هیوایان خواست پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی سیاسی لاوانی هەردوو هەرێمدا بەردەوام بن.

شایانی باسە شاندێکی لاوانی سێئێسیو لە مانگی ئایار سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و لە لایەن بەڕێز، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمەوە پێشوازی کران.

سزای سووتاندنی ماڵی هاووڵاتییان و دامەزراوە فەرمییەکان زیندانیکردنی هەتا هەتاییە

سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی داوای لە خۆپیشاندەران کرد کە پارێزگاری لە خۆپیشاندانی ئاشتیانە بکەن و ڕاشیدەگەیەنێت هەر کەسێک سەرپێچی کردووە سزای توندی بەسەردا دەسەپێندرێت کە دەگاتە زیندانیکردنی هەتا هەتایی. نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا عادل عەبدولمەهدی گوتوویەتی: ڕوونە کە لە میانی خۆپیشاندانەکاندا، کردەی تاوانکاری و تیرۆریستی بە ئامانجی شکاندنی شکۆی و لاوازکردنی توانای دەوڵەت لەگەڵ تێکدانی ئاسایشی گەلی عێراق، ئەنجامدراون.

سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕاشیگەیاندووە: سزای تاوانی هەرشەکردن لە هاووڵاتییانی بێ تاوان و هێزە ئەمنییەکان، زیندانیکردنی حەوت ساڵە.

هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، عادل عەبدولمەهدی ئەوەشی گوتووە: هەر کەسێک تاوانی هێرشکردن و تووندوتیژی بۆسەر هاووڵاتییان و هێزە ئەمنییەکان ئەنجام بدات، سزای یەک ساڵ زیندانیکردنی بەسەردا دەسەپێندرێت، هەروەها سزای تاوانی ڕێگریکردنیش لە فەرمانبەران لە چوونە سەر کارەکانیان، زیندانیکردنی سێ ساڵە.

سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ئەوەشی گوتووە: سزای سووتاندنی ماڵی هاووڵاتییان و دامەزراوە فەرمییەکان، زیندانیکردنی هەتا هەتاییە. عادل عەبدولمەهدی ئاماژەی بەوەشکردووە کە هەر کەسێک هاندان وێرانکردن بدات و زیان بگەیەنێت بە بەرژەوەندییەکانی حکوومەت و دامەزراوە گشتییەکان، ئەوا سزای 20 ساڵ زیندانیکردنی بۆ دەردەکرێت.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا داوا لە خۆپیشاندەران کراوە کە پابەندبن بە خۆپیشاندانی ئاشتیانە و خۆیان بەدوور بگرن لەو کردەوانە کە لە یاسای عێراقدا بە تاوان هەژمار کراون.

لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەشدا داوا لە خۆپیشاندەران کراوە هاوکاربن لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی کە هەوڵ دەدەن ڕەوشەکە تێکبدەن و خۆپیشاندانەکانیش بە ئاراستەیەکی دیکە بەرن.

ڕووسیا داوا لە هاووڵاتییانی دەکات گەشت بۆ عێراق نەکەن

وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا داوای لە هاووڵاتییانی کرد کە لە ئێستادا بەهۆی گرژیی ئالۆزییەکانەوە گەشت نەکەن بۆ عێراق. وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا هاتووە: بەهۆی گرژیی و ئالۆزیی ڕەوشەکە و بەردەوامی چالاکییە تیرۆریستییەکان لە ژمارەیەک ناوچەی عێراق، زەحمەتی لە پێشکەشکردنی یارمەتی لە لایەن کۆنسڵخانەکانمانەوە، لەئێستادا سەردانیکردنی هاووڵاتییانی ڕووسیا بۆ عێراق زۆر مەترسیدارە.

لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە، عێراق ڕووبەڕووی شەپۆلێکی بەرفراوانی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان بووەتەوە، شەپۆلی یەکەمی خۆپیشاندانەکان لە یەکی تشرینی یەکەمی ڕابردوودا دەستپێکرد و ماوەی هەفتەیەک بەردەوام بوو، شەپۆلی دووەمی خۆپیشاندانەکانیش لە 25ی هەمان مانگ دەستیان پێکردەوە و بە بەردەوامی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکهەڵپڕژان لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا ڕووەدات.سەرەتا خۆپیشاندەران داوای باشکردنی خزمەتگوزارییەکان، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ڕەخساندنی دەرفەتی کاریان دەکرد، بەڵام لەئێستادا، داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دەکەن.



لە سیمینارێکدا شۆڕش عەزیز سورمێ ڕەوشی هەر چوار پارچەی کوردستانی لە ڕووی مێژوویی و سیاسییەوە شیکردەوە

لانە عزەدین شەریف/ ئیتالیا

ڕۆژی 4ی تشرینی دووەمی 2019 سیمینارێک لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی شاری پادۆڤا لە وڵاتی ئیتاڵیا، بۆ ڕۆژنامەنووسی کورد "شۆڕش عەزیز سورمێ" و پرۆفیسۆر "فلیبێرتۆ ئەگۆستینی" پرۆفیسۆری سیاسەتی جیۆپۆلیتیک لە زانکۆی پادۆڤا سازکرا، سەرەتای سیمینارەکە پرۆفیسۆر (فلیبێرتۆ ئەگۆستینی) باسی لە گرژی و ئاڵۆزییەکانی بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، پاشانیش بە تێر و تەسەلی لە لایەن ڕۆژنامەنووس شۆڕش عەزیز سورمێ باس لە ڕەوشی هەر چوار پارچەی کوردستان لە ڕووی مێژوویی و سیاسییەوە کرا. بە تایبەتیش تیشک خرایە سەر بارودۆخی ئێستای ڕۆژاوای کوردستان و هێرشە ناڕەواکەی تورکیا بۆ سەر ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی ڕۆژاوا و ڕووسیا و بێدەنگی یەکێتی ئەورووپا لە هەمبەر ئەو بارودۆخە.

جێگەی ئاماژەیە لە کۆتایی سیمینارەکەدا بەشداربووان لەسەر یەک بیروڕا کۆک بوون ئەویش کە پێویستە ڕۆژاوا هەموو هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ بۆ پاڵپشتیکردنی گەلی کورد کە تاکە دۆستە لە ڕۆژهەڵات. بۆیە دەبێ وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا بەخۆیاندا بچنەوە و بەردەوام نەبن لە پشت تێکردن لە گەلی کورد، پاش ئەوەی کە ڕووبەڕووی داعش بووەوە توانی شکستیان پێبێنن و ئەویش نەک تەنیا بۆ پارستنی ئاسایشی کوردستان بەڵکو بۆپاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بە تایبەتیش وڵاتانی ڕۆژئاوا.



بریندارببوونی 15 خۆپیشاندەر لە بەغدا



بەهۆی هەوڵی هێزە ئەمنییەکان بۆ بڵاوەپێکردنەوەی خۆپیشاندەرانی دوێنێ شەمەی ناوەڕاستی شاری بەغدا، 15 خۆپیشاندەر بریندارببوون. میدیاکان ڕایانگەیاند کە بەیانی ڕۆژی شەممە، هێزە ئەمنییەکان بە بەکارهێنانی گازی فرمێسکرێژ بڵاوەیان بە خۆپیشاندەران کردووە لە شەقامی ڕەشید ناوەڕاستی بەغدا و بەهۆیەوە15 خۆپیشاندەر بریندارببوون. لە لایەکی دیکەشەوە سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاندووە کە هێزە ئەمنییەکان بە بەکارهێنانی گازی فرمێسکرێژ بڵاوەیان بە خۆپیشاندەران کردووە لە نزیک ببنەوە. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەش کردووە کە هێزێکی زۆری ئەمنی لە پردەکانی سەنک و کۆمەری بڵاو کراونەتەوە.

شایانی باسە پردەکانی کۆمەری و سەنک بە دوو پردی گرنگی بەغدا دادەندرێن بەو پێیەی دەکەونە نێوان گۆڕەپانی تەحریر کە ناوەندی چالاکی و گردبوونەوەی خۆپیشاندەرانە و ناوچەی سەوزکە بارەگای سەرەکی حکوومەت و پەرلەمان و باڵیۆزخانە بیانییەکان لەخۆدەگرێت.بەپێی دواینین ئاماریش کە لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق بڵاوکراوەتەوە ژمارەی کوژراوەکانی خۆپیشاندانەکان بۆ283 کەس بەرزبووەتەوە و ژمارەی بریندارەکانیش گەیشتووەتە 13 هەزار کەس.

عێراق... کێڵگە نەوتییەکان و پردەکان بوونەتە ئامانجی خۆپیشاندەران



مەجنوون باشووری عێراق بە سێیەم گەورە کێڵگەی نەوت لە جیهان دادەندرێت، بەو پێیەی مەزندە دەکرێت لەو کێڵگەیەدا 12ملیار و 600 ملیۆن بەرمیل نەوتی یەدەگ هەبێت.

لە پاریزگای میسان خۆپیشاندەران ئەو ڕێگایانەی کە بە ئاراستەی کۆمپانیای نەوتی میسانن، کێڵگەی بزرگان و پالاوگەی نەوتی میسانیان داخست، هەروەها ڕێگەشیان بە فەرمانبەران نەدا بچنە سەر کارەکانیان و دواتر مانگرتنی مەدەنیان ڕاگەیاند. هاوکات خۆپیشاندەران لە پاریزگای واست ڕێگای پردە گرنگەکانیان داخست و ڕێگەشیان نەدا فەرمانبەران بچنە سەر کارەکانیان و تا ئێستاش کاربەدەستانی خۆجێی هیچ کاردانەوەیەکیان لەوبارەوە نیشان داوە.

تا دێت بازنەی خۆپیشاندانەکانی دژبە حکوومەت لە پاریزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق فراوانتر دەبن، بەڵام ئەوەی بووەتە جێگەی سەرنج ئەوەیە لە میانی خۆپیشاندانەکاندا، کێڵگە نەوتییەکان و پردەکان بوونەتە ئامانجی خۆپیشاندەران. خۆپیشاندەران بە ئامانجی جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان، ڕێگا سەرەکی و دامەزراوە گرنگەکانیان داخستووە و ڕێگەش نادەن فەرمانبەران بچنە سەر کارەکانیان.

ماوەی چەند ڕۆژێکە دەروازەکانی بەندەری ئوم قەسر لە پاریزگای بەسرە لەگەڵ ئەو ڕێگایەی کە دەچێتە بۆ کێڵگەی نەوتی مەجنوون ڕۆژهەڵاتی پاریزگاکە لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە داخراون. بەندەری ئوم قەسر دیارترین بەندەری بەسرە و گەورەترین بەندەری عێراقە، لەو بەندەرەوە ڕۆژانە بڕێکی زۆر کالا و کەلوپەلی جۆراوجۆر هاوردەی عێراق دەکرێت.

هەروەها کێڵگەی نەوتی ویستگەی کارەبای ڕومێلە کە هەزار و 400 میگاوات لەو ویستگەیەدا بەهەرەم دەهێندرێت. وەزیری نەوتی عێراق گوتیشی: هەر هەوڵێک ببێتە هۆی ئەوەی کاریگەری خراپ لەسەر کێڵگە نەوتییەکان دروست بکات، ئەوا وا دەکات هاووڵاتییان غازی شلیان دەست نەکەوێت.

جێی باسە ڕۆژی یەکشەممە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاندبوو، بەهۆی بەردەوامی ئەو خۆپیشاندانانەی لە وڵاتەکەیدا سەریان هەڵداوە، زیانی ملیارەها دۆلاریان بە عێراق گەیاندووە، داواش دەکات ژیان بۆسەر ڕێچکەی ئاسایی خۆی بگەڕێتەوە. عادل عەبدولمەهدی باس لەوەش کردبوو کە بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە مەترسی بۆسەر بەرژەوەندی کەرتی نەوت و ڕێگرتنی بەندەرەکانی عێراق هەبووە، ئەوەش زیانی ملیاران دۆلار بە وڵات دەگەیەنێت و وادەکات هەندێک کەرەستەی سەرەکی ڕۆژانە نەگەنە بازارەکان و نرخیان گرانتر بێت.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/11/10 ژمارە (5867) | خەبات

ئەڵمانیا.. کۆڕێک لەبارەی خەبات و رۆڵی کوردانی تاراوگە بۆ دکتۆر یەکتا ئۆزنۆگلو بەڕێوەچوو

یەکتا لە ئەوروپا رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە چارەسەرکردنی بریندارانی هەر چوار پارچەی کوردستان





ساسان دەروێش- ئەڵمانیا

لیژنەی هاوکاری هێز و کۆمەڵە کوردییەکانی شاری برێمن لە وڵاتی ئەڵمانیا کە پێکهاتوون لە نوێنەرایەتی زیاتر لە13 کۆمەڵە و ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و کولتووری و پارت و لایەنی سیاسی هەر چوار پارچەی کوردستان، کۆڕێکیان لەژێر ناونیشانی ڕۆڵ و خەباتی کوردان لە ئەوروپا لە قۆناغە جیاوازەکانی هاتنی کوردان بەرەو ئەوروپا کرد، لە سەختی ژیان و ئاوارەیی و ترس و تۆقاندنی دوژمنانی داگیرکارانی کوردستان لە تاراوگە، بەڵام کوردبوون مەرجی مرۆڤی کورد و قوتابیانی خوێندکار بوو لە ئەوروپا بۆ گەیاندنی دەنگ و سەدای شۆڕش و میللەتێکی ستەملێکراو، هەروەها باسی لە ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستانی گەورەش کرد لە گۆڕانکاری و مەترسییەکان و پلانی داگیرکاری کوردستان، گوتی: بۆ چارەسەرکردنی هەموو قەیرانەکان و کێشەکان و پرسی نەتەوەییمان، یەکبوون و یەکهەڵوێستی دەرمانی مانەوەمانە، وەک کورد و کوردستان.

عەبدولکەریم محەمەد یەکێک لە ئامادەبووانی کۆڕەکە بوو باسی لە ڕۆڵی دکتۆر یەکتا کردو گوتی: ئێمە وەک نوێنەرایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو لیژنەی هاڤکاری کوردستانی، پێشنیارمان کرد بۆ ئەم کۆڕە و پەسەندکرا بۆ بەسەرکردنەوە و زیاتر ئاشناکردنی ئەم کەسایەتییەی کورد و خەبات و تێکۆشانی لە هەر چوار پارچەی کوردستان وەک دکتۆر و نووسەر بەرزەنرخێنین، یەکتا یەکێکە لە هاوەڵانی میر کامەران بەدرخان کە بەردی بناغەی لۆبی کوردی لە ئەوروپا دروستکرد و هەروەها دکتۆر یەکتا ئاماژەی بەڕاستییەک و لێهاتوویی باوکی ڕۆحی کورد مستەفا بارزانی دا لەپاڵ شۆڕشەکەیدا، بیری لەوە کردووەتەوە کە قوتابیانی کورد ڕەوانەی دەرەوە بکات و هەریەکەیان بنەماڵیەزی کورد و دەنگ و سەدای شۆڕش بە دۆست و مرۆڤە ئازیدخوازەکان بگەیەنن بۆ پاڵپشتیکردن لە پرسی نەتەوەیی کورد و ئەو زوڵم و زۆردارییەی کە دەرحەق بە کورد دەکرێت لەسەر خاکی کوردستان.

دکتۆر یەکتا ئۆزنۆگلو نووسەر و وەرگێڕ و دکتۆر لە سالی 1953 لە ناوچەی فارقینی باکووری کوردستان لە دایکبووە و لە سالی1971 لە پاریس دەست دەکات بە خوێندن، دواتر لە ڕێگەی سیستەمی سکۆلارشیەوە دەچێتە پراگ بۆ خوێندنی دەرمانسازی لە زانکۆی جالس لە نێوان ساڵەکانی 1972 بۆ 1979 سالی 1979دا دیبۆرتی پاریس کرایەوە و لەوێ دەستی بە خوێندن کردەوە و ماستەری لە نەخۆشییە هەناوییەکاندا بەدەستهێنا، یەکتا ئۆزنۆگلو هاوڵاتیی تورکیایە، بەهۆی چالاکییە مرۆییەکانی و لەپێناو کارکردن بۆ مرۆڤایەتی لە سالی1981 دەرکراوە و لە ئەڵمانیا مافی پەنابەری سیاسی وەرگرت، هەروەها خەڵاتی فراستیک فرایجلە کە بە نرخترین خەڵاتە لە چیک لە پای ئەو هەموو هەوڵ و چالاکی و ئازایەتییە مەدەنییانەی کە نواندوێتی بەدەستهێنا، ئێستا هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەڵمانیایە و زیاتر لە چل کتێبی نووسین و وەرگێڕانی هەیە، خاوەنی سێ منداڵە و ئێستا لە پراگ دەژی.

هێزەکانی تورکیا لە ڕۆژئاوای کوردستان بەردباران کران

دایکی هەڤرین خەڵەف: سەری خۆمان دەدەین بەڵام دەست لە میللەتی خۆمان بەرنادەین





ڕووسیا و تورکیا گەرێکی چاودێری هاوبەش لە شارۆچکەی گرکێ لەگێی ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجام دەدەن و خەڵکی گوندەکانیش بەردبارانیان دەکەن. ڕۆژی هەینی پەیامنێری کوردستان 24 لە شارۆچکەی گرکێ لەگێ ڕایگەیاند لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی تورکیا و ڕووسیا لەبارەی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، پۆلیسی سەربازی ڕووسیا و چوار زریپۆشی سوپای تورکیا گەرێکی چاودێری هاوبەش لە ناوچە سنووریییەکانی شارۆچکەی گرکێ لەگێ ئەنجام دەدەن. گوتیشی: خەڵکی گوندەکانی سەر بە گرکێ لەگێ لە ڕێگەکان وەستان و زریپۆشەکانی ڕووسیا و تورکیایان لە ناوچە سنووریییەکان بەردباران کرد.

جێی باسە ئەمە سێیەمین گەڕی هاوبەشی هێزەکانی ڕووسیا و تورکیا لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان. لەلایەکی دیکەشەوە خاتوو سوعادی دایکی هەڤرین خەڵەف، کە پێشتر لەلایەن چەتەکانەوە شەهیدکرابوو، پێڵاوی کچە شەهیدەکەی گرتە کاروانی هێزەکەی تورکیا، کە لەکاتی شەهید بوونی لەپێیدابوو.

خاتوو سوعادی دایکی هەڤرین بە دڵێکی پڕەوە قسەی بۆ میدیاکان دەکرد و بەردەکانیشی لە باوەشدا بوو لەو کاتەدا گوتیشی: من دایکی هەڤرینم قەبوڵ ناکەم ئەوانە پێ بخەنە سەر خاکی من، ئەوان چیان لە ئێمە دەوێت سنووری خۆیان جیاکردەوە، خەندەقیشی هەڵکەند ئارامی نەگرت، دیواری دانا ئارامی نەگرت، داوای چی دەکات؟ ئەگەر ئێمە دەربازی خاکی ئەو بووین با ئەویش دەرباز ببێت. دایە سوعاد دەشڵێت: من بە تەنها هێنمەوە دەست لە خاکی خۆم بەرنادەم، ئێمە سەری خۆمان دەدەین بەڵام دەست لە میلەتی خۆمان بەرنادەین، هەرچی دەبێت با ببێت. خاتوو سوعاد گوتیشی: ئەگەر دوێنی لە هەڤرین بوو با ئەمڕۆ لە دایکی ئەو بێت، ئێمە قەبوڵ ناکەین قاچیان بخەنە سەر خاکی ئێمە، لەبەر ئەوە دەڵێم خاینی گەورە ئەمەریکایە، خائینی گەورە ڕووسیایە.



ئیلهام ئەحمەد: پێویستە وڵاتانی ئەوروپا هێزی سەربازی ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان بکەن

هاوسەرۆکی دەستەی جێبەجێکردنی ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات (مەسەدە) داوا لە ئەوروپا دەکات دوو هەزار سەرباز بۆ پاراستنی سنووری تورکیا و ڕۆژئاوای کوردستان ڕەوانە بکات. ئیلهام ئەحمەد هاوسەرۆکی دەستەی جێبەجێکردنی ئەنجوومەنی مەسەدە بە ئاژانسی ڕێتەرزی ڕاگەیاند کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا مەترسییە و پێویستە وڵاتانی ئەوروپا هۆشیاربن و هێز ڕەوانەی سنووردکانی تورکیا و ڕۆژئاوای کوردستان بکەن. لە بارەی هەڵوێستی ئەوروپا بەرامبەر تورکیا، ئیلهام ئەحمەد گوتی: پێویستە وڵاتانی ئەوروپا هەڵوێستی توندتریان هەبێت بەرامبەر تورکیا و ئەندامبوونی ئەو وڵاتە لە یەکێتی ئەوروپا بوەستێنێت.

ڕووسیا: ئامادەین گەرەنتیی ڕێککەوتنی نێوان دیمەشق و کورد بکەین

مەزڵووم کۆبانێ: بۆ پەیوەستبوون بە حکوومەتی سووریا دوو مەرجمان هەیە

گوتەبەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا باس لە ئامادەیی وڵاتەکەی دەکات کەلە داهاتوودا ئامادەن گەرەنتیی ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی دیمەشق و کوردانی سووریا بکەن. لەمبارەوە ماڵپەڕی (ڕووسیا ئەلیەوم) لەزاری ماریا زاخارۆڤا، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیاوە بڵاوی کردووەتەوە: مۆسکۆ ئامادەیە وەک نێوبژیوانێک لە داهاتوودا گەرەنتیی ڕێککەوتنی نێوان کورد و دەوڵەتی سووریا بکات و هەوڵی بۆ بدات.

ئاماژەی بەوەش داوە: ئاسانکاریی بۆ ڕەوتی گفتوگۆکان و هاوکات گەرەنتییکردنی و جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتننانەیە کەلە داهاتوودا واژۆ دەکرێن.

زاخارۆڤا لەبارەی ئەگەری دانوستانی نێوان کورد و دەوڵەتی سووریا و پرسی پەیوەستبوونی هێزە کوردییەکان بە سوپای سووریا گوتی: ئەم پرسە دەبێ لەبارەی پێکهاتە و چۆنێتییەوە ڕاستەوخۆ لە نێوان دیمەشق و کوردەکاندا تاوتوێ بکرێن و بگەنە ڕێککەوتن. مەزڵووم کۆبانێ فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) پێشتر بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ سووریا دوو مەرجی دانابوو و جەختی کردبووەوە: بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ سووریا دوو مەرجمان هەیە، یەکەم ئەوەی کە ناوچەی خۆبەڕێوەبەریی کورد لە چوارچێوەی دەستووری سووریا ببێتە بەشێک لە پێکهاتە و بەڕێوەبەریی سووریا و دووەم هێزەکانی سووریای دیموکرات وەک دامەزراوەیەک سەربەخۆیی خۆیان هەبێت.



محەمەد وانی: وڵاتانی ڕۆژئاوا لێناگەڕێن دووبارە دەوڵەتێکی عوسمانی بگەڕێتەوە ناوچەکە

دەنگی ئەمەریکا: ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا کۆشتاری ئەرمەنەکانی وەک جینۆساید ناساند، ئەم بڕیارەش کاریگەری لەسەر دەوڵەتی تورکیا چۆن دەبێت؟ ئایا ناتۆ ئەتوانێت وڵاتێک لەقەوارەی خۆیدا بێلێتەوە جینۆسایدی کردبێت، بە واتەیەکی کە ئەم بڕیارە دەبێتە هۆکاری دەکردنی تورکیا لەناتۆ؟ تورکیا ئێستا هەڕەشە دەکات ئەگەر پێکەوتنەکانی لە گەڵ وڵاتانی ئەمەریکا و ڕووسیا لەسەر سووریا کردوویەتی جێبەجێ نەکرێت، پێگەی خۆی لەسووریا فراوان ئەکات، ئەم هەڕەشانە تاچەند جدیین؟ تورکیا هەڕەشەی لەعەفرین کرد و گرتی، هەڕەشەی لە ناوچە سنوریەکانی ڕۆژئاوا کرد و هێرشی کردوچەند ناوچەیەکی گرت و تائێستاش سەرباری ئاگربەست پێکەدادان ڕووئەدات، هەڕەشەی لە باشووری کوردستانیش کردووە، ئایا هەڵوێستی باشوور بەرامبەر بەو هەڕەشەیە چۆن ئەبێت؟ ئەگەر هەڕەشەکانی تورکیا بەرامبەر بە باشوور جدی بێت، ئایا باشوور دەتوانێت چەکی ڕاگرتنی ڕۆشتنی نەوت لەتورکیاوە بەکاربێنێت؟

لەگفتوگۆیەکدا بۆ دەنگی ئەمەریکا لەگەڵ ووریا کالێ، نوسەرو شیکەرەوەی سیاسی محەمەد وانی دەڵێت: ئەم بریارە وەک بروسکە کاریگەری لەسەر تورکیا دەبێت و وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا ماوەیەکی زۆرە دەیانەوێت بڕیارێک دەرکەن، کتوپڕ بڕیاری لەسەر نادەن. وانی دەشڵێت: ڕۆژئاوا نایانەوێت بزووتنەوەیەکی ئیسلامی ئیخوانی لەناوچەکە دەسەلاتدار بێت، ئەگەر تەماشابکەیت چۆن محەمەد مورسیان لەدەسەلاتی میسر وەلانا کە ئیخوان بوو، بەهەمان شێوە ئۆردوغانیش ئیخوانە، ڕۆژئاوا لێناگەڕێن دووبارە دەوڵەتێکی عوسمانی بگەڕێتەوە، چوونکە میژوویەکی مەترسیداری هەیە. سەبارەت بە هەڕەشەکانی تورکیاش لەهەڕێمی کوردستان وانی لەدڵێت: هەڕێمی کوردستان جیاوازە لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان گرنگیی نێودەوڵەتی وەرگرتوە، لەدەستووری عێراق دایە و ناوچەی پارێزراوی هێڵی36 لەسالانی نەوەتەکانەوە دەرچووە، ئەمەریکا و ڕۆژئاوا ڕاستەوخۆ چاودێری ئەو ناوچەیە دەکەن.



لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا

یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام، محەمەد (درووەدی خوای لێبێت) بەرز و پیرۆز راگیرا







سالانە لە 12ی مانگی ڕەبیعولئەوەل و لە پێشوازی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام، محەمەد، درووەدی خوای لێبێت، لەسەرتاسەری جیهانی ئیسلامی، ڕێوڕەسمی خوێندنەوەی مەولوود و مەڕاسیمی تایبەت و بەخشینەوەی شیرینی و سازدانی ئاهەنگی خۆشی بەڕێوەدەچێت و لەلایەن زۆرینەی دەوڵەتانیشەوە ئەو ڕۆژە دەکرێتە پشووی فەرمیی.

ئەم بۆنەیە لە مزگەوت و تەکیە و شوێنە جیاجیاکان بەڕێوەدەچێت، لەم چوارچێوەیەشدا دوێنێ لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام، محەمەد (درووەدی خوای لێبێت) بەرز و پیرۆز راگیرا.

لە هەولێر، پڕۆگرامێکی تایبەت بەبۆنەی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد د. خ لەسەر قەڵای هەولێر سازکرابوو.

هاوکات بەبۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام، محەمەد درووەدی خوای لەسەربێت، لەسەرجەم دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرایە پشووی فەرمیی.

هەر بەو بۆنەیەوە، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری محەمەد خەلیل و عزەت جەعفەر کارگێڕانی لق و هەڤاڵانی لیژنەی ناوچەی قەڵات، لە مزگەوتەکانی سەواف و شێخی چۆڵی و حاجی نوردین شەهاب و شێخ موستەفا بەشداریان لە خۆشی و شادی موسڵمانانی شاری هەولێرکرد کە بەو بۆنەوە کەرنەڤاڵی جۆراوجۆریان ڕێکخست لە مەولود خوێندنەوەو شیرینی دابەشکردن.

بەرپرسی لقی دوو پیرۆزبایی لەو هاوڵاتیانە کرد کە هاتبوونەوە نێوپراستی پایتەخت و خۆشیەکانیان دەردەبڕی، ئومێدی کرد ڕەوشی تەناهی و ئارامی کوردستان بەبێتە هەوێنی پێکەوەژیانی ئاشتیانەو ئازادی ئایین و بیروڕا بۆ تەواوی پێکهاتەو ئایینە جیاوازەکان.

جەختیشی کردووە لەوەی هەولێر مێژوویەکی جوانی لەگەڵ یادکردنەوەی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د.خ) هەیە لە سەردەمی سوڵتان موەفەردینەوە، هەمیشە ئەو یادکردنەوەیە لە هەولێر تام و چێژی ئاینی پێوە دیارە و هاوڵاتیان وەکو جەژن دەیبینن، حکومەتی هەرێمی کوردستان و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانیش هەموو ساڵێک ڕێکار و ئامادەکاری پێویست بۆ ئەو یادکردنەوەیە دەکەن.

لە کەلاریش، مەراسیمی مەولود نامەی پێغەمبەری ئیسلام، محەمەد درودی خوای لەسەر بێت، لە مزگەوتی گەورەی شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمان بەڕێوەچوو.

مامۆستا هاوار داودی، سەرپەرشتیاری ئەومەراسیمە ئاینیە، بە خەباتی ڕاگەیاند: مەراسیمی مەلودی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد، درودی خوای لەسەربێت لەمزگەوتی گەورەی کەلار بەڕێوەچوو.

گوتیشی: ژمارەیەکی بەرچاولەموسوڵمانانی ناوچەکەئامادەی بوون، تێیدا ژیانی ئەو پێغەمبەرە باسکرا و جەخت لەوەش کرایە دەبێ وەک موسوڵمانان ئاکاری ورفتارەکانی هەڵبگرین. هەر دوێنێ لە بازاڕەکانی کەلار بەهەمان بۆنەوە شیرینی ونوقڵ بەخشرایەوە.

لە ئاکرێش، لەڕۆژی پێنجشەممەوە، تەکیەی شیخ عەبدولعەزیز دستی بە زیکر و تەلیلەی مەولوود کردووە، نزیکەی دوو هەزار دەرویش لە کوردستان، عێراق و ئێرانەوە چوونە ئاکرێ، کۆڕی زکریان بەست، دەنگخۆشەکانیان بە بالای پێغەمبەردا دەڵێن، هەندێکیش بەپیوە وەستابوون و دەفیان دەژەنی، دەنگێکی زاڵی موناجات هەموانە هەڵساند و خستیانیە حاڵەتی جەزبە و نزیکبوونەوە لە خودا. لە ساڵی 1960وە ئەم یادە لە تەکیەی شێخ عەبدولعەزیز گەیلانی ئاکرێ دەکرێتەوە. هەر لە ئاکرێ، لە گوندی سپی ماڵ وەک نەریتێکی ساڵانە بەمەبەستی ئەنجامدانی خێر بۆ یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) ژمارەیەکی زۆر مەڕ و مااڵت سەر بڕاون و کراونەتە مەولوود.

حاجی ئەحمەد، هاوڵاتییەکی گوندی سپی ماڵە لە دەڤەری ئاکرێ بە باسنیوزی ڕاگەیاند: ساڵانە لە گوندی سپی ماڵ وەک نەریتێکی خێرکردن هەر ماڵە و بزنێک، یان مەڕێک ئامادەی دەکات بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام سەر دەبڕێت. گۆتیشی: لە گۆڕەپانی قوتابخانەی گوندەکە هەموو مەڕ و مااڵتەکە سەر دەبڕن و پێکەوە گوشتەکەشی وەک یەک بەسەر خەڵکی گونددا دابەش دەکرێت و ئەوەی تریش بەسەر گوندەکانی دەوروبەردا دابەش دەکرێت و ئەمساڵ 119 سەر مەڕ و مااڵت لە گوندی سپی ماڵ لە دەڤەری ئاکرێ سەر بڕدران.

جێی ئاماژەیە، سەرەتای سەرهەڵدانی یادکردنەوە و بەڕێوەچوونی مەولودی پێغەمبەر بە فەرمی، وەک نەریتێکی موسڵمانانە و ڕێزلێنان لەپێغەمبەری خوا، دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 800 ساڵ پێش ئێستا و سەردەمی دەسەاڵتی حاکمی شاری هەولێر، سوڵتان مزەفەرەددین گۆکبەری.

بەڕپرسی لقی 26ی گوڵان کادیرێکی خاوەن چوار برای شەهید بەسەردەکاتەوە



حەسەن حەدۆ بەڕپرسی لقی 26ی گوڵان، لەگەڵ هەڤاڵ سەرگۆزد کەریم کارگێڕی لق و عەزەدین مەلا عەزیز بەڕپرسی لیژنەی ناوچەی سمێلان بە مەبەستی هەواڵپرسین لە ڕەوشی تەندروستی حوسێن ئیبراهیم لە گوندی چۆمبارۆک سەر بە ناوەندی باڵای باڵەکی یەکێتی لاوانی کوردستان و پالپشتی خۆی دەربڕی بۆ کارو چالاکی و پەرەپێدان بە پیشەکیان، لاوانی ئامادەبووش خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی، کە بەڕپرسی لقی 26 هەمیشە پالپشت بووە بۆ لاوانی دەڤەرەکە .

شارەدێی سمیلانی کرد ناوبراو کادیرێکی دڵسۆزی پارتیمانە وە خاوەنی چوار برای شەهیدە، بەڕێزیان ئامادەی خۆی دەربڕی بۆ هەر پێویستیەک هەیە بۆ چارەسەری تەندروستی ناوبراو. لەلای خۆیەوە حوسێن ئیبراهیم سوپاسی بەڕپرسی لق و شاندی لە گەلیدا کرد بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیە. لە لایەکی دیکەشەوە، لە هۆڵی لقی 26گوڵان، بەڕپرسی لقی 26ی گوڵان و دکتۆر یاسین کارگێری لق و فەرهاد عەبدوللا بەڕپرسی ناوەندی باڵای باڵەکی یەکێتی لاوانی کوردستان خەاڵتی ڕێزلێنانی بەخشیە چەند لاوێکی بەهرەمەند لە سنووری ناوەندی باڵای باڵەکی یەکێتی لاوانی کوردستان و پالپشتی خۆی دەربڕی بۆ کارو چالاکی و پەرەپێدان بە پیشەکیان، لاوانی ئامادەبووش خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی، کە بەڕپرسی لقی 26 هەمیشە پالپشت بووە بۆ لاوانی دەڤەرەکە .

وەزیری شارەوانی بەدواداچوون بۆ قۆناغەکانی کارکردن لە پڕۆژەی 150 مەتریی هەولێر دەکات



ساسان عەونی، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لیژنەی سەرپەرشتیاریی جێبەجێکردنی پڕۆژەی شەقامی 150 مەتریی هەولێر کۆبۆوە. ئامانجی کۆبوونەوەکە بە مەبەستی بەدواداچوون و ئاگاداربوونە لە هەنگاوەکانی تەواوکردنی پڕۆژەکە و هەروەها پێداویستی و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی کارکردن تێیدا بەخێرایی بەڕێوە بچن.

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار جەختیکردەوە کە هەرچی پێویست بێت بۆ بەردەوامی کارکردن و جێبەجێکردن و تەواوکردنی پڕۆژەکە، وەزارەت ئەنجامی دەدات، چونکە تەواوبوونی ئەو شەقامە ستراتیژییە دەبێتە هۆی کارئاسانییەکی زۆر بۆ هاتوچۆی هاوواڵتیان و کاریگەری لەسەر فراوانبوونی شاری هەولێریش دەبێت. شایەنی باسە، شەقامی150 مەتریی هەولێر، پڕۆژەیەکی ستراتیژییە و دەکەوێتە پشت شەقامی 120 مەتریی هەولێر و بە شێوەی بازنەیی بە چواردەوری هەولێردا دەسوورێتەوە.

درێژایی شەقامەکە 70 کیلۆمەترە و دابەشکراوەتە سەر 5 بەش و ئێستا کار لە بەشی یەکەمی دەکرێت لەنێوان ڕێگەی پیرمام و لە بەحرکە، بە تەواوبوونی شەقامەکە بەشێکی زۆری ترافیک و بارگرانی ئۆتۆمبێل لە شار کەم دەبێتەوە، هەروەها سیمایەکی جوانیش بە شاری هەولێر دەبەخشێت. لەگەڵ ئەوەشدا شەقامێکی خێرایە و شارۆچکەکانی بنەسڵاوە، کەسنەزان، دارەتوو، بەحرکە، مەلائۆمەر و ڕێگەی گوێر و قۆرپتان و سەرکاریز بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

نووسەری کتێبی (سێبەری نەتەوەیی) ڕێزی لێگیرا



ڕۆژی پێنجشەممە 2019/11/7 هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەڕپرسی لقی24ی سەفین، لەبارەگای لق، ڕێزی لە نووسەری کتێبی سێبەری نەتەوەیی، هیمداد عەبدوڵاڵ خۆشناو نا، لەبەرامبەر بەچاپگەیاندنی کتێبەکەی و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆخواست. لای خۆشیەوە نووسەر، سوپاسی بەڕپرسی لقی24ی سەفینی کرد و بەڵێنی بەردەوامبوونی لەسەر ڕێبازی پیرۆزی بارزانی دووپات کردەوە.

بارزان... سیمینارێک لەسەر نەخۆشیی شێرپەنجە بەڕێوەچوو

مسلم دۆلەمەری- بارزان:

لەدرێژەی کاروچالاکیەکانی و خزمەتکردن بە ئافرەتانی دەڤەری بارزان، ئەنجومەنی ئافرەتانی میرگەسور لەسنوری ناحیەی شێروان مەزن لەگوندی لێرێ هەستان بەسازدانی سیمینارێک لەسەر شێرپەنجەی مەمک بۆ ئافرەتانی گوندی ناوبراو دەوروبەری، لە سیمینارەکەدادا زیاتر لە85 خێزان دەربری هیوایان خواست بەبەردەوامی ئەم جۆرە سیمینارانەیان بۆ ئەنجام بدەن بۆئەوەی شارەزایان پەیدابێت لەخۆپاراستن وئاشنابون بەم جۆرە نەخۆشیانە.



سوپاس و پێزانین

پڕ بە دڵ سوپاسی هەموو ئەو کەس و لایەنانە دەکەین کە لە هەردوو ڕێوڕەسمی ناشتن و پرسەی (یوسف شێخ عەزیز)دا ئامادەبوون بەتایبەتیش بەرپرسانی حزبی هەموو لایەنە سیاسییەکان و بەرپرس و نوێنەرانی حکوومەت و وەزیرەکانی و ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و کوردستان و پارێزگاری هەولێرو مامۆستایانی زانکۆو پیاوانی ئایینی و بەرپرسانی سەربازی و خەڵکی بە ئەمەکی هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان و ئەدیبان و نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و هەموو ئەوانەش کە بە نامەو ئیمەیڵ و تەلەفۆن پەیوەندییان پێوە کردین. خودا پاداشتی بەخێری هەموو لایەک بداتەوە

ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی
لەجیاتی شێخانی کانی کەوە

هەولێر.. یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بەرز ڕاگیرا







خەبات: هەولێر

دوێنێ لە شاری هەولێر بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی محەمەد درود و سەلامی خوای لەسەر بێت، لە مزگەوت و تەکیە و شوێنە جیاجیاکان بەرز ڕاگیرا، لەم چوارچێوەیەشدا پڕۆگرامێکی تایبەت بەبۆنەی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د. خ) لەسەر قەڵای هەولێر سازکرابوو.

سالانە لە 12ی مانگی ڕەبیعولئەوەل و لە پێشوازی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام، محەمەد، دروودی خوای لێبێت، لەسەرتاسەری جیهانی ئیسلامی، ڕێورەسمی خوێندنەوەی مەولوود و مەڕاسیمی تایبەت و بەخشینەوەی شیرینی و سازدانی ئاهەنگی خۆشی بەڕێوەدەچێت و لەلایەن زۆرینەی دەوڵەتانیشەوە ئەو ڕۆژە دەکرێتە پشووی فەرمیی.

ئەم بۆنەیە لە مزگەوت و تەکیە و شوێنە جیاجیاکان ئاهەنگی ئایینی بەڕێوەدەچێت ولەم چوارچێوەیەشدا پڕۆگرامێکی تایبەت بەبۆنەی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د. خ) لەسەر قەڵای هەولێر سازکرابوو.

هاوکات بەبۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام، محەمەد درووی خوای لەسەر بێت، لەسەرجەم دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرایە پشووی فەرمیی و بەشێکی زۆری دانیشتوانی شاری هەولێر بەشداریان لەو ڕێورەسمە ئایینییەدا کرد.

جێی ئاماژەیە، سەرەتای سەرهەڵدانی یادکردنەوە و بەڕێوەچوونی مەولودی پێغەمبەر بە فەرمی، وەک نەریتێکی موسڵمانانە و ڕێزلێنان لەپێغەمبەری خوا، دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 800ساڵ پێش ئێستا و سەردەمی دەسەڵاتی حاکمی شاری هەولێر، مزەفەردەدین گۆکبەری.

کۆڵبەرەکان بۆ پەیداکردنی نان شەڕ لەگەڵ مەرگ دەکەن

کۆڵبەرێک: ئەو ڕێگایانەی ئەسپیش ناتوانێت پێیدا تێپەڕێت، ئێمە ئەو ڕێگایانەشمان هەڵبژاردووە





ڕاپۆرت: شادان قادر

لەنزیک سنووری نێوان باشووری کوردستان و وڵاتی ئێران، کۆڵبەرەکان ڕۆژانە ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسیەوە و بەکۆڵ باریکی زۆر دەگوازنەوە لەپێناو پەیداکردنی ناندا، لەکاتێکدا چەند جارێک لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ئێرانەوە تەقەیان لێکراوە و ڕووبەڕووی مەرگ بوونەتەوە.

کۆڵبەرەکان ئەو کەسانەن کە سالانێکی دوور و درێژە لەنێوان ئێران و هەرێمی کوردستاندا بە کۆڵ و لەرێی وڵاخەوە، کەلوپەل بە قاچاخ دەگوازنەوە دیوی ئێران، ئەمەش لەلایەن دەوڵەتەوە بە نایاسایی ئەژمار دەکرێت ، هەر ئەمەش وایکردووە لەلایەن پاسەوانی سنوورەوە ڕاستەوخۆ دەکەونە بەر دەستڕێژی گوللە.

بەگوتەی کۆڵبەرەکان ڕێگای سنووری نێوان باشووری کوردستان و ئێران مینڕێژ کراوە، بۆیە ناویان لێ ناوە ڕێگای مەرگ.

حەسەن، کۆڵبەرێکی ڕێگاکەیە لە نزیک خاڵی سنووری (قاسمەڕەش) بە هەناسەی قوڵەوە باسی سەختی ئەو ڕێگایانەی کرد، کە ئەسپیش ناتوانێت پێیاندا بڕوات، ئەو بۆ (خەبات) گوتی: ئەسپێکم بە قەرز کڕی کە بووە سەرچاوەی بژێوی ژیانم، ئێمە ڕۆژانە بەڕێگای مەرگدا تێدەپەڕین بۆ ئەوەی بژێوی ژیان پەیدابکەین، بەو شێوەیەشدا تێدەپەڕین کە وڵاخ ناتوانێت پێیدا تێپەڕێت، ئەویش لەپێناو پەیداکردنی ژیانمان، بەڵام بە پاساوی نایاسای بوونی کارەکانمان لەلایەن پاسدارانی ئێرانەوە تەقەمان لێکرا و ئەو ئەسپەی کە وەکو منداڵەکانم خۆشمدەویست کوژراو کەوتە ژێر ڕنووی بەفرەوە و تەنانەت نەمتوانی دوا ماڵئاوایشی لێ بکەم و بیگرمە باوەش.

گوتیشی: چەندینجار بەهۆی تەقەکردنەوە زۆر هاوڕێ و هاوبارمان لەم ڕێگایە لەدەست داوە و لەناو ڕنووە بەفرەکاندا ون بوون، کوڕێکی هاوڕێمان نیازی بوو سەری مانگ دەستگیرانەکەی بگوازێتەوە و زەماوەندی بۆ بکات، بەڵام فریا نەکەوت و کەوتە ژێر ڕنووی بەفرەوە.

ئەو کەلوپەلانەی وڵاتی ئێران ڕێگەی نادات بەشێوەیەکی فەرمی بچێتە وڵاتەکەیەوە، کۆڵبەرەکان ڕێگەی جیاواز دەگرنەبەر بۆ ئاودیوکردنی ئەو کەلوپەلانە بۆ ناو خاکی ئێران، وەکو حەسەن ئاماژەی بۆ دەکات، بریتین لە (کەلوپەلی کارەبای و ناوماڵ و جلوبەرگ و کەلوپەلی بیناسازی و خواردنەوە کحولیەکان و پارچە قوماش و جگەرە و کەلوپەلی ئارایشت و تەلەفزیۆن و سەلاجە).

بە گوتەی کۆڵبەرەکان هەریەک لە گوندەکانی (نوردین، باندیباڵ، داڕەشمانە، باوزێ، گەناو، ئەشکەنە، قندۆل) کە سەر بەسنووری پشدەرن لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی، کە هاوسنووریشە لەگەڵ شاری سەردەشت بەدیوی خاکی ئێرانەوە، هەرچەندە لەنێوان ئەم سنوورانەدا چەند دەروازەیەکی ڕێگە پێدراو هەیە، بەڵام ناتوانێت سوود بە کۆڵبەرەکان بگەیەنێت.

کۆڵبەرەکان لە تەمەنی جیاواز پێکدێن کە زۆربەیان دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن و تەمەنیان لەنێوان 18بۆ 70 ساڵدایە، کە زۆرکات سەختی کارەکە کەمئەندامی کردوون.

سەرباز، ناوی خوازراوی کاروانیچیەکی دیکەی سنوورەکەیە و تەمەنی 32 ساڵە، گوتی: سێ ساڵە لەپڕۆسەی هاوسەرگیری شکستم هێناوە، لەبەرئەوەی ئەو هەورازە سەختانە ئەو هەموو ترس و لەرزە چۆکی پێدادەوین و ناتوانین پڕۆسەکە تەنجام بدەین.

دوا خاڵی سنووری نێوان باشووری کوردستان و ئێران لە ڕێگای کۆڵبەرەکان کە ئوتۆمبێل پێیدا بڕوات (گوندەکانی پشت شارەدێی هێرۆ) یە کە دوا سنووری ڕێی ئۆتۆمبێلە بۆ بە قاچاخبردنی ئەو کەلوپەلانەی کە ئێران ڕێگەی پێنادات بەشێوەی فەرمی بێتە وڵاتەکەیەوە، بۆیە لێرەوە ڕێگای وڵاخ دەست پێدەکات و زۆرکات ئەو ڕێگایەش ئەستەم دەبێت، بەڵام وەک سەرباز دەڵێت: ئەو ڕێگایانەش دەبرن کە ئەسپ پێیدا تێپەڕ نابێت.

ئەوانەی لەسەر سنوور بە کاری کۆڵبەریەوە خەریکن پێناسی بازرگانیان نییە، بەڵکو خەڵکانی دیکە ئەو پێناسانەیان هەیە و دەیدەن بەکرێ بە کۆڵبەرەکان 60% ی داهاتی کۆڵبەرانیش دەگەڕێندرێتەوە بۆ خاوەنی ئەو پێناسانە، هاوکات ئەگەر مەرزی کێڵێ بەنێو دەوڵەتی بکرێت ڕێگای کۆڵبەرەکان سەختتر دەبێت، لەبەرئەوەی ئەو بارانەی کۆڵبەرەکان دەیبەن بە ئازادی دەڕوات و کاری قاچاخی کەمتر دەبێتەوە.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/11/10 ژمارە (5867)
خەبات

هاوڕێی ڕەخنەگر مایەی ڕەخنەکردنە

سەدیق سەعید ڕوانذزی *



یەکێک لە گرفتە دیارەکانی بواری پەروەردە لە نێو ئێمەدا ئەوەیە،کە زۆر بە دەگمەن بە دواداچوون بۆ ئەو سەرنج و ڕەخنە و پێشنیارانە دەکرێت، کە لە دەرەوەی سیستەمی خوێندن، ڕووبەڕووی پەروەردە وناوەندەکانی خوێندن دەکرێنەوە.گەلێک جار ڕەخنە لە زمان، لایەنی بابەتی، ڕێنووس و زانیارییەکانی نێو کتێبێکی خوێندن دەگیرێت کە پێشترچاپکراوە، کەچی چەند سالێک دواتر،بێ بژاردن و پێداچوونەوە، بێ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان،کتێبەکان جارێکی دیکە چاپ دەکرێنەوە. بۆیە دەبینین بە دەگمەن سالێکی خوێندن هەیە گرفتێک ڕووبەڕووی پرۆسەی پەروەردە نەبێتەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی گەلێک جار ڕێنمایی و چەند ڕاسپاردەیەکی پەروەردەیی دەردەکرێن، کە جێبەجێکردنیان نەک هەرئەستەمە ،بەڵکو بەجۆرێک لە جۆرەکان پرۆسەی پەروەردەش دەشێوێنن.



بە پێی ئەو ئەرکە نوێیە بێت کە هاوڕێی ڕەخنەگر لە ئەستۆیدایە، ئەوا ئەرک و ڕۆڵی زۆر دەخاتە سەر ئەستۆی قوتابخانە و مامۆستاکان و بە بێ ئەوەی خۆشی هیچ ڕۆڵێکی هەبێت.

لەو ڕوانگەیەوە،ئەم ساڵ لەچوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانەی دەکرێن، شوناسی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، گۆڕدرا بۆ(هاوڕێی ڕەخنەگر). هەر هاوڕێیەکیش، بە بێ ڕەچاوکردنی پسپۆڕایەتی کارگێڕییان، بۆ ماوەی دووساڵ لەگەڵ قوتابخانەیەک دەمێنێتەوە. لە ڕاستیدا،پێدانی هەموو ئەرکێکی کارگێڕیی،پەروەردەیی، هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بە تاکە یەک سەرپەرشتیار،کارێکە نەک هەر لە جێی خۆی نییە، بگرە هەڵەیەکی گەورەشە. چونکە نابێت سەرپەرشتیارێک کە پسپۆڕییەکەی بە نموونە (کوردی)یە، هەڵسەنگاندن بۆ کاری بەڕێوەبەری قوتابخانە و هەموو وانە و پسپۆڕییەکانی دیکەش بکات.کە دڵنیام تیایدا سەرکەوتوو نابێت. پەیڕەوکردنی ئەو سیستەمە، بە بۆچوونی خۆم وەک مامۆستایەک، لە چەندین ڕووەوە جێگەی ڕەخنە لێگرتنە. چونکە چەند بڕیارو ڕاسپاردەیەک دەدرێتە قوتابخانەکان،کە گونجاو نین وجێبەجێکردنیان ئەستەمە.سەرپەرشتیار، ئەرکێکی تایبەتی و دیاریکراوی هەیە(گەرچی وەک مامۆستایەک بڕوام وایە یەکەی سەرپەرشتیاریی ئۆرگانێکی زیادەپێویست نییە)کەئەویش بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی قوتابخانە و چاودێریکردنی جێبە جێکردنی ڕێنماییەکانە. وەلێ بە پێی ئەو ئەرکە نوێیە بێت کە هاوڕێی ڕەخنەگر لە ئەستۆیدایە، ئەوا ئەرک و ڕۆڵی زۆر دەخاتە سەر ئەستۆی قوتابخانە و مامۆستاکان و بە بێ ئەوەی خۆشی هیچ ڕۆڵێکی هەبێت لە زەمینەکەدا.ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە، سەرقاڵکردنی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بەو هەموو ڕۆتینە کارگێڕییانەی قوتابخانە، وادەکات بەڕێوەبەر زۆرتر ڕۆڵێکی کارگێڕیی ونووسینەکی هەبێت لە وەی پێشەنگی قوتابخانە و نێوەندی یەکەمی ئاراستە کردنی بڕیارو ڕاسپاردەکان بێت. لە کاتێکدا بەرپرسیاریەتی قوتابخانە بە پلەی یەکەم لە سەرشانی بەڕێوەبەرە و ئەو دەبێت ئاگاداری هەموگرفت و کێماسییەکانی قوتابخانە و قوتابیان و مامۆستایانیش بێت. لێرەدا بە کورتی چەند خەوشێکی ئەو شوناسە تازەیە دەخەمە ڕوو .

یەکەم : هاوڕێ و ڕەخنەگر

بێگومان، کۆکردنەوە و لێکدانی هەردوو وشەی هاوڕێ و ڕەخنە لە دوو تۆیی ڕستە و دەربڕینێکدا، پارادۆکسێکی واتایی و زمانەوانی زەقە، چونکە هەر کەسێک سەروکاری لەگەڵ دنیای ڕەخنەگرتن هەبێت و لە ماهیەتی ئەو چەمکە بگات، تێ دەگات کە دەبێ کەسی ڕەخنەگر، چەند کەسێکی بێ لایەن، پیشەیی، سەربەخۆ بێت و نەکەوێتە ژێر هیچ فشارو کاریگەریەتییەک. ئەوەی ڕەخنە دەگرێت، دەبێ دوور بێت لە هەموو جۆرە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی، هاوڕێیەتی، شاریی و ئایدۆلۆژی. نازانم چۆن کەسێک لە یەک کاتدا دەتوانێت هاوڕێت بێت و ڕەخنەگریشت بێت؟ ئاخۆ هاوڕێیەتییەکە نابێتە هۆی جۆرێک لە چاوپۆشین و سڵکردنەوە لە هەندێک لادانی یاسایی و کارگێڕی و هەڵەی دیار؟ من دەزانم لێرەدا مەبەست ڕەخنەی بونیادنەرانەیە، وەلێ ڕەخنە چەمکێکی سەربەخۆیە و نابێ ببەستێتەوە بە هیچ جۆرە پەیوەندییەک. گرینگ ئەگەر پەیوەندییەکی تووندوتوڵ لە نێوان بەرپرسەکانی قوتابخانەیەک و ئەو هاوڕێ ڕەخنەگرە هەبێت، دەتوانێت بە سەربەستی ڕەخنە بگرێت و نەکەوێتە ژێر کاریگەریەتی ئەو پەیوەندییە ؟. بۆیە پێشنیار دەکەم ناوی هاوڕێی ڕەخنەگر بکرێتە هاوڕێی قوتابخانە.

دووەم: هەڵسەنگاندنی مامۆستایان

یەکێکی دیکە لە هەڵە زەقەکانی هاوڕێی ڕەخنەگر ئەوەیە، کە داوا دەکات مامۆستایان خۆیان خۆیان هەڵسەنگێنن و ئاستی زانستی خۆیان پێوانە بکەن ! لە ڕاستیدا، یەکەمجارە گوێبیستی شتێکی نامۆی لەوشێوەیە دەبم.نازانم چۆن کەسێک بە خۆی کارەکانی خۆی هەڵدەسەنگێنێ ؟.کە کورد وتەنی کەس بە دۆی خۆی نالێت ترشە. ئاخۆ ئەمە نابێتە زەمینەیەک بۆ ئەوەی دوور لە هەموو پێوەرێک مامۆستایان نمرەی هەڵسەنگاندن بۆ خۆیان دابنێن؟.ئەمە وەک ئەوە وایە کەسێک شیعر بنووسێت و هەر بەخۆشی شیعرەکەی هەڵبسەنگێنێت و خەلاتی یەکەمیشی پێ بدات. لەوە هەڵەترپش ئەوەیە، کە داوا دەکرێت ئەو هەڵسەنگاندنە ئێستا(مانگی دە) بکرێت. کە تازە لە سەرەتای خوێندنین و دەیان بەشی خوێندن ماوە تەواو بکرێن.نازانم شتێک نەخوێنرێت چۆن هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت؟ پێشنیار دەکەم هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بخرێتە کۆتایی ساڵ و لەلایەن خۆشییانەوە ئەوەهەڵسەنگاندنە نەکرێت

سێیەم: چارەسەرکردنی گرفتی قوتابخانەکان لەلایەن خەڵکەوە

هەڵبەتە، قوتابخانە نێوەندێکی پیرۆزە و پەیوەندی بە هەموو ئۆرگانە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاوە هەیە.بۆیە چەند پاڵپشتی پرۆسەی پەروەردە بین و کەموکورتییەکان چارەسەربکەین، ئەوەندەی تر پرۆسەی پەروەردە پێش دەکەوێت. بۆیە بڕوا ناکەم کەسێک هەبێت لاری لەوە بێت هاوکاری و دەستی یارمەتی بۆ قوتابخانەیەک دڕێژ بکات. وەلێ بە داخەوە ئەمە تائێستا نەبۆتە کولتوور لەنێو ئێمە و زۆر بە دەگمەن کەسانێکی زەنگین هەن، کە پاڵپشتی پرۆسەی پەروەردە بکەن و پێداویستییەکانی دابین بکەن.لە کاتێکدا بۆ نموونە: ئەگەر مزگەوتێک بینا بکرێت، هەزاران کەس ئامادەن بەشداری لەو کارەدا بکەن،بەلێم بۆقوتابخانەیەک ونەخۆشخانەیەک بە پێچەوانەوە. کەواتە ئەمە کارکردنێکی گەورەی هزری و پەروەردەیی دەوێت، تاکو هەمووان دەگەنە ئەو دەرەنجامەی کە بیناکردنی قوتابخانەیەک، هیچی کەمتر نییە لە بیناکردنی مزگەوتێک. یەکێکی دیکە لە داواکارییەکانی هاوڕێی ڕەخنەگر لە قوتابخانەکان ئەوەیە، کە داوای هاوکاری لە خەڵکی گوند و سەرمایەداران و کەسانی خێرخوازبکەن، تاکو کەمو کورتییەکانی قوتابخانە پڕ بکەنەوە. بێگومان داوایەکی لەو شێوەیە، جێگەی خۆی ناگرێت.چونکە لەلایەکەوە وەک باسمان کرد ئەمە نەبووە بە کولتوور لە نێو ئێمەدا، لەلایەکی دیکەشەوە هاوڵاتیان بۆچوونیان وایە ئەگەر ئەوان پێویستییەکانی قوتابخانەکان دابین بکەن، ئەی چی لەو بودجەیە دێت کە ساڵانە حکومەت بۆ کایەی پەروەردە تەرخانی دەکات؟.بۆچی پەروەردەکان خۆیان کێشەی قوتابخانەکان چارەسەرناکەن؟ چونکە زۆربەی خێزانی کورد، ئاستی بژێویان نزمە و ئەگەر حکومەت بێ بەرامبەرخوێندنیان بژاردبن نەکات، دڵنیام زۆرینەیان ناتوانن خوێندن بە منداڵەکانیان تەواو بکەن.گرینگ ئەم کارە وەک کارێکی مرۆیی، خێرخوازیی و پەروەردەیی، ئەنجامدرا، بەڵێم ئاخۆ ئەمە دەتوانرێت هەمیشەیی و بەردەوام بێت؟.بۆیە پێشنیار بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەم، کە ئەمە نەکرێتە ڕێسایەک و بەسەر قوتابخانەکاندا بسەپێنرێت، کە دڵنیام لە خەمی ڕیفۆرمکردنی پەروەردە دایە، وەک چۆن لە سەرەتای دەست بەکاربوونیشیدا چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکرد .

چوارەم: دیدو پەیام و لۆژکی قوتابخانەکان

یەکێکی دیکە لە داواکارییەکانی هاوڕێی ڕەخنەگر لە کارگێڕی قوتابخانەکان ئەوەیە، کە دەبێ هەموو قوتابخانەیەک دید و پەیام و لۆژکی تایبەتی خۆی هەبێت.لە ڕاستیدا، بوونی ئەو هەموو دید و پەیامە جیاوازانە لە ئاستی دروشم و پرەنسیپدا، شێواندنی پرۆسەی پەروەردەیە بە بڕوای من وەک مامۆستایەک، چونکە پەروەردە خۆی لە خۆیدا گەورەترین و پیرۆزترین دید و پەیامە و پێویست بەوە ناکات پەیامی ترمان هەبێت. هەموو پێشکەوتن و بیناکردنێک، هەموو هوشیاریی و درک کردنێک لە پەروەردەوە دەست پێ دەکات. ئێمە ئەگەر توانیمان پەیامی وەزارەتی پەروەردە و سیستەمی پەروەردەی خۆمان بگەیەنین و پڕۆفیشنالیزمە پراکتیزەی بکەین،ئەوا پێویستمان بە هیچ شتێکی ترنابێت. ئێمە ئەگەر لە قوتابخانەکاندا و لە سەرەتای هاتنی منداڵ بۆ قوتابخانە ،ئەوانمان فێری گیانی نەتەوەیی و نیشتمانی، خۆشەویستی خاک و نەتەوە و ئالێ، هزری ژینگە دۆستی، کولتووری خوێندنەوەی کتێب، لێبوردەیی و گیانی پێکەوە ژیان کرد، پێویست بەوە ناکات پەیامیان بۆ دابنێین و فێریان بکەین.هەندێک بنەما هەن، لە بنەڕەتەوە بەشێکن لە پەروەردە و دەبێ مامۆستا خۆی هەستی پێ بکات و قوتابیان فێر بکات. ئیدی نازانم ئەو هەموو دیدو پەیام و دروشمانەمان بۆ چییە ؟. کە منداڵمان لە قوتابخانە فێری هەموو شتێکی ڕاست و دروست و یاسایی کرد، پێویست بەوە ناکات دید و پەیام دابڕێژین کە ڕەنگە زۆرینەیان هەر کاریشی پێ نەکەن.

ئەمە ئەرکی قوتابخانە و تۆێژی مامۆستایانە کە ئەگەر دید و پەیام لە قوتابخانەش نەبوو، بزانن پەیامی پەروەردەکردنی منداڵ چییە و ئەرکی مامۆستا بەرامبەر بە قوتابییان چییە؟ ئەگەر هاوڕێی ڕەخنە گرتازە ڕێنمایی بە مامۆستایان بدات کە قوتابییان فێری ئەوە بکەن نیشتمانەکەیان خۆشبوێت،ئاڵاو خاکەکەیان بناسن،لە گرنگی پەروەردە و فێرکردن تێ بگەن، مانای وایە ئێمە بیست و هەشت ساڵە هیچمان نەکردووە و دەبێ لە سەرەوە دەست پێ بکەینەوە.هەرچی سەبارەت بە لۆژکی قوتابخانەکانیشە ، ئەوا بوونی هەر لۆژکێەک بۆ هەر قوتابخانەیەک، جۆرێک لە بێ یاسایی و بێ بەرنامەیی دەردەخات. لە هەموو دنیادا، لۆژکو و ئارم تایبەتە بە سەرۆکایەتی دەوڵەت، حکومەت و وەزارەتەکان، کەچی لای ئێمە قوتابخانە هەیە هەشت قوتابی هەیە لۆژکی تایبەتی خۆی هەیە. ئەمە تەنها لای ئێمە بوونی هەیە لە هیچ وڵاتێک بوونی نییە. بۆیە دەبێت پەروەردەکان و گشت قوتابخانەکان، تەنها لۆژکی وەزارەتی پەروەردە بکەنە ئارم و نیشانەی خۆیان و لە نووسراوەکانیاندا هەبێت. ڕەنگە زۆر سەرنج و تێبینی دیکەشمان لە بارەی ئەرکی هاوڕێی ڕەخنەگرەوە مابن،وەلێ بۆ ئێستا بە پێویستییان نەزانین و لە کاتێکی تردێینەوە سەریان .

×مامۆستا لە قوتابخانەی(کەرەک)ی بنەڕەتی لە سنووری پەروەردەی ڕوانذز

سەرنج: ئەوراسپاردانە، لە میانەی سەردانی هاوڕێی ڕەخنەگر بۆ قوتابخانەکەمان ئاراستەی کارگێڕی قوتابخانە کراون، ئیدی نازانم لە هەموو کوردستان وەهایە یان تەنها لە سنووری پەروەردەی ڕوانذز



بەکر کەریم حەسەن*

ڕۆڵ و کاریگەری سەرپەرشتیار لە پەروەردە

دکتۆر ڕاغب ئەل سەرحان دەڵێ" سەرکردایەتی بەرپرسیاریەتییە ، میرنیشینی ڕاسپاردنە نەک ڕێزلێنان ".

بێگومان سەرپەرشتیاری لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەرپرسیاریەتییەکی گرنگی وپژدانییە ، لەهەمان کاتدا سەرپەرشتیاری میرنیشینی و ڕێزلێنان نییە ، بەڵکو ڕاسپاردن و ئەرک و بەرپرسیاریەتییە لە پرۆسەکەدا. لە هەمان کاتدا سەرپەرشتیار پێویستە شارەزا و لێزان و دڵسۆزی پرۆسەکە بێت و یارمەتیدەرێکی کارا بێت بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی پسپۆڕی وپیشەیی بۆ مامۆستایان و کۆی پرۆسەکە و هاوکارێکی بەهێز بێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتە پەروەردەییە جۆراوجۆرەکان، هەروەها باکگراوندێکی زانستی پسپۆڕی هەبێت، بتوانێ بەردەوام هۆیەکانی پەروەردەیی بخاتە گەڕ بە شێوەیەکی تەندروست و ڕاست و بەردەوام بەشداری لە خول و ڕاهێنان ومەشق کرد بێت و شارەزاییەکی کەلەکە بووی پسپۆڕی هەبێت، لە هەمان کاتدا خۆشەویستی و عەشق بۆکارەکەی لە ناخی سەرپەرشتیاردا ڕەنگ بداتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بەردەوام بێت لە داهێنان ونوێگەری، چونکە ئەو سەرپەرشتیارانەی عەشق و خۆشەویستی بۆ کارەکانیان هەیە بەردەوامن لە کاری نوێی و داهێنانی نوێی و پرۆسەکە جوانتر دەکەن، بەردەوامن لە گەشەسەندن وپەرەسەندن، لە ڕووی کەسایەتییەوە پێویستە کەسایەتییەکی جێگیری هەبێت و پشوو درێژ بێت و خاوەن ڕەوشت و ناوبانگێکی پەروەردەیی بێت و ڕەفتارو کردار وگوفتاری پەروەردەیی تەندروست بێت و نموونەی بەرز بێت لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و دڵسۆزی و پەرۆشییەکی زۆری هەبێت بۆ ئیش کردن و سەرکەوتنی پرۆسەکە، هەردەم ڕۆڵی باوک و دایک و برا وخوشک ببینێت و ببێتە چەترێکی دڵنیایی بۆ دەستەی کارگێڕی قوتابخانە و مامۆستایان، وە بەردەوام بێت لە چارەسەرکردنی کێشەی مامۆستایان و قوتابیان و قوتابیان بە چەقی قورسایی پرۆسەکە ببینێت و بەردەوام هانی قوتابیان بدات بۆ کاری چاکە و پەروەردەیی، هەروەها بەردەوام بێت لە ڕواندنی تۆوی بەها پەروەردەییەکان و خۆشەویستی خاک و نیشتمان و ڕێزگرتنی پیرۆزییەکان، وە گرنگی بە لایەنی گەشەکردنی بیری قوتابیان بدات. هەروەها گرنگە سەرپەرشتیار کاری خۆی بزانێ لە دەرگای قوتابخانە تا دەگاتە ئاوەدست و ئاوەڕۆ هەمووی لە بەرپرسیاریەتی وئەمانەتی ئەو دایە لە چالاکییەکان لە پەرتووک و کۆڕا لە بەدواداچوون بۆ پلانی ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانەی مامۆستایان، هەروەها بەردەوام بێت لە ئامادەکردنی ڕاپۆرت و توێژینەوەی سەرپەرشتیاری لە سەر کۆی پرۆسەکە و دەستنیشان کردنی خاڵە لاواز و بەهێزەکان لە پرۆگرام و ڕۆڵ و کاراکتەری خودی مامۆستا و قوتابی ژینگەی قوتابخانە ولە کۆی گشتی پرۆسەکە ئاگادار بێت، بەردەوام پێشنیاری هەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن و کاریگەری پەروەردەیی هەبێت بۆ چاککردنی پرۆسەکە، ماوەتەوە بڵێم بۆ هەڵسەنگاندن وداپەروەری لە ناو پرۆسەی پەروەردە بە پێویستییەکی پەروەردەیی دەبینم کەوا هەردوو ساڵ جارێک هەڵسەنگاندنی وورد بۆ سەرپەرشتیار بکرێت تا چەند سەرکەوتوون لە پرۆسەکە وکاریگەربیان هەبووە و پێویستن بۆ پەروەردە، پێویستە سەرپەرشتیاران بە کرداری لە ناو پرۆسەکە بن و هەروەکو پلە و دەستکەوت و ڕێزلێنان تەماشا نەکرێت، بەڵکو بەرپرسیاریەتییە. بۆیە گرنگە لە وەزارەتی پەروەردە چاوپێداخشانەوە بە ئەرک و بەرپرسیاریەتی و مەرج و پێوەرەکانی سەرپەرشتیاری دابخشێنەوە و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە هەڵسەنگاندنی وورد بکرێ، مەرج نەبێت تا خانەنشینی هەر سەرپەرشتیار بن، یانیش ئەوانەی بە تاقیکردنەوە و پێوەرەکاندا ڕەت نەبوون، پێویستە هەمان پێوەر و مەرج ئەوانیش بگرێتەوە و لە ناو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، قوتابخانە و مامۆستا و قوتابی کارەکانیان پراکتیزە بکەن، واتە ڕۆڵی سەرەکی سەرپەرشتیاری ببینن، چونکە سەرپەرشتیاری ڕاستەقینە هەردەم پێشەنگە لە پرۆسەی پەروەردە.

* بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر



نۆژەنکردنەوەی سێ پۆلی قوتابخانەیەک لەلایەن مامۆستاکانەوە



ئیدی بەسە STOP

تاکە ئومێد و دوا ئومێد.. وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە ئەمنییەکانن



یەحیا فایەق جاف

زۆربوونی مۆتۆرسکێل لە هەولێری پایتەخت، بووەتە دیاردەیەکی تەواو مەترسیدار و ناشارستانیی و ترسناک، ئەم دیاردە خەریکە دیمەنی جوانیی پایتەختی کوردستان بە تەواوەتی تێک دەدات، ئەمە تەنها قسەی من نییە ڕاو بۆچوونی زۆرێک لەو هاوڵاتییانەیە، کە من بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم نووسینەم لەگەڵیان قسەم کردووە، وایستم ڕای زۆرترین هاوڵاتی لەسەر ئەم دیاردەیە وەرگرم، سوودێکی زۆرم لە کۆی ڕاو بۆچوونەکانی ئەو هاوڵاتییە بەڕێزانەی کە پرسیارم لێکردن بینی.

زۆرێک لەو هاوڵاتییانەی من قسەم لەگەڵ کردوون پێیان وایە و دەڵێن؛ ئەم دیاردەیە لە ئێستەدا یەکێکە لە دیاردە هەرە ناشرین و بێزارکارەکانی شاری هەولێر، بگرە لە بێزارکردن دا پێش دووکەڵی موتەلیدەکانیش کەوتووە، بێ بەرنامەییەکی زۆر بە لێخوڕینی مۆتۆرسکێلەکانەوە دیارە، گەیشتووەتە ئاستێک، پێویستمان بە دەزگایەکی کاریگەری حکوومەتە بێت و پێیان بڵێت ئیدی بەسە و STOP.

ئەم ئامرازی گەیاندنە هەنووکە بۆ زۆر کار و کردەوەی ناشرین و نەگونجا و بەکار دەهێنرێت! کۆمەڵە ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکی ئەم مۆتۆرسکێلانە بوونەتە جێی پرسیار گەلێکی زۆر، زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی هەولێری پایتەخت، هیوای ئەوە دەخوازن، ئەم دیاردە ناشرینە چارەسەرێکی گونجاو و سەردەمیانەی بۆ بدۆزرێتەوە، تا ئەوکاتیش لێخوڕینی هەموو جۆرە مۆتۆرسکێلێک لە ناو هەولێر و چواردەوری بە برپارێک، یاخود ڕێنماییەک لە وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە ئەمنییەکانەوە قەدەغە بکرێت..

مۆتۆرسکێل لە هەولێری پایتەخت پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی ورد و دروست هەیە، هەولێر ناوەندی سیاسیی هەرێم و پایتەختی هەرێمی کوردستانە و زۆربەی کونسڵخانەی وڵاتی جیهانی لێیە و سەردانیکارێکی زۆریش ڕۆژانە سەردانی ئەم شەکرە شارە دەکەن، لە ڕاستییدا دەبووا هەر لە سەرەتاوە ڕێکارێکی تووندتر بەرانبەر بەم دیاردە ناشارستانییە بگیرایەتە بەر و هەموو شت لێرە تەواو جیاواز و پێچەوانەی شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بووایەت!.

بەداخەوە لە ساڵی 2013 دەگوترێت، هاوردەکردنی هەندێ جۆر لە مۆتۆرسکێل قەدەغەیە و ڕێگا بە هێنانی بۆ نێو کوردستان نادرێت! کەچی زۆرترین ئەو جۆرانە دوای ئەم مێژووە هاتوونەتە نێو کوردستان و هەولێری پایتەختەوە! ئەمەش جێی پرسیار و سەرسوڕمانە! چۆن ئەم هەموو مۆتۆرسکێلە لە دوای ساڵی 2013ـەوە هاتوونەتە نێو کوردستان و هەولێرەوە؟! بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە لای لایەنە پەیوەندارەکانە!.

شک لەوەدا نییە مۆتۆرسکێل وەکو ئامرازێکی گەیاندن، ئەگەر بێت و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بەکاربهێنرێت، سوودی زۆری بۆ چینی کەم دەست دەبێت، بەتایبەتی ئەوانەی لایەنی ئابووریان لە خوار مام ناوەندەوە و توانای کڕینی تڕۆمبێلیان نییە، سەرەڕای ئەمەش مۆتۆرسکێل ئامرازێکی خێرای گەیاندنە بۆ شارە قەرەباڵغەکانی هاوشێوەی هەولێر! بەڵام بەداخەوە دەبێت ئەو ڕاستییەش بڵێین، بۆ کۆمەڵگەی ئێمە ئەم ئامرازی گەیاندنە بە هیچ جۆرێک گونجاو و شیاو نییە!. بەشی زۆری ئەوانەی ئێستە لە هەولێر مۆتۆرسکێل لێدەخورێن، منداڵن، لە ڕووی شەقام و هۆشیاریەوە شارەزاییەکی ئەوتۆیان نییە! منداڵی تەمەن خواروو 10 ساڵ و کەمتریش لەو تەمەنەش لەسەر مۆتۆرسکێلەکان دەبینرێن و کەسیش لێپێچینەوەیان لەگەڵ ناکات!.

بێگومان ئەم چینە نەک هەر شارەزایان لە یاسای هاتووچۆ نییە، بەڵکو هیچ بایەخێک بە چواردەوری خۆیان و شەقامەکان و شێوەی لێخورپنیش نادەن! ئەوەی لای ئەوان گرنگە و چێژی لێ وەردەگرن ئەو ساتانەیە کە بە مۆتۆرسکێلی خێرا گەیاندنە بۆ شوێنێکی دیکە، هیچ لە شەقام و لێخورپن نازانێت لە دواوە خۆی کێشا بە تڕۆمبێلی هەر یەکێکمان دا و منداڵەکە خوا نەکات مرد، دەبێت چ بکەیت و بڵێیت خەتای کێی بوو؟ یاسا؟ باوک و دایک؟ بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆ؟ یاخود پەروەردە؟ لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، خوا نەخواستە ئەگەر ڕووداوێکی وا ڕووبدات و مۆتۆرسکێلەکە لە دواوە خۆی بە تۆدا بکێشێت و تۆ ئاگاتیش لە هیچیش نەبووبیت، ئەوا هەر تۆی شۆفێری بەستەزمان تێ دەکەوێت و تاوانبار دەکرێت!.

فرۆشتنیشەوە لای ئێمە زۆر نابەرپرسانە کڕین و فرۆشتن بە مۆتۆرسکێلەوە دەکرێت، بە یاسایەکی نوێ و سەردەمیانە ڕێک نەخراوە! بۆیە لەم لایەنەشەوە نارێکییەکی زۆر بوونی هەیە!.

لە ڕووی هاوردەکردنیشەوە سنووردارکەمان بۆ هێنانی مۆتۆرسکێلە بێ کەڵکەکانی وڵاتانی دراوسێمان بۆ نێو هەرێمی کوردستان کراوەیە، هەموو ئەمانە زۆر سەرەتاییانە و نابەرپرسانە دەکرێن، هەر بۆیە ئەمڕۆ هەر یەکێکمان ئارەزووی هەر جۆرێکی ئەوە مۆتۆرسکێلانەمان هەبێت، کە لە بازاڕدا بوونیان هەیە، دەتوانین بیانکڕین و هەر لەوێ بەکاریان بێنین، بێ ئەوەی پێویستمان بە هیچ جۆرە بەڵگە و مۆڵەت و ڕێنماییەکی تایبەت هەبێت!

نابێت دەست بەسەرداگرتنی چەند مۆتۆرسکێلێک و پاشان فرۆشتنیان بەشێوەی داشکان، یاخود (موازەیەدە) لە لایەن بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێرەوە، بە دەستکەوت بێتە هەژمارکردن، ئەم هەنگاوە نەک هەر دەسکەوت نییە، بەڵکو ئەوەی لەم ڕووەوە ئەم بەڕێوبەرایەتییە دیکەی نەشیاو و دواکەوتوو، کە مرۆڤ شەرم بە نووسین و باسکردنیان دەکات، هەموو ئەمانە و زۆری دیکەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی لێپێچینەوەی جددی و سزادانی سەرپێچیکاران و یاسایەکی نوێ و بەهێز.

بەڵێ. ئێستە لە نێو هاوڵاتییاندا پرسیاری زۆر لەسەر چۆنێتی هێنانە ژووروەوەی بەشێکی زۆری ئەو مۆتۆرسکێلانە بۆ نێو هەولێری پایتەخت هەیە! هەندێک نیشانەی پرسیاریش هەن، کە تا ئەمڕۆ بێ وەڵام دواکەوتووە ناشرینە دابنێت! لە ڕووی لۆژیک و واقیعیشەوە بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر ئێستە ئاگاداری هەموو ئەو بێ یاساییانەی مۆتۆرسکێلەکانی نێو شاری هەولێر نین، لەوانەشە ئەوان بۆ ئەمە هۆکار و قسەی خۆیان هەبێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، نابێت هیچ ئەوزرێک بۆ ئەم (بەڕەڵایی)ـە بهێنرێتەوە، چونکە دیاردەکە لە مێژە هاوڵاتیانی بێزار و هەراسان کردووە، خۆ ئەگەر پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئێمە ڕاست بێت، واتا ئەوان ئاگاداری ئەم بێ یاساییانە بووبن و هەولێ چارەسەرکردنیان نەدابێت، بێگومان کارەساتەکە ئەوکات گەورەترە.

هەنووکە پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە، ئەگەر بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێر لەم ڕووەوە کۆڵەوار بێ چارەسەر و تەماشاکارە و هەر ئەوەندەیان پێیە کە کردوویانە؟! باشە خۆ دەبێت لایەنێکی دیکە هەبێت هاوکار بێت و سنووردێک بۆ ئەم جیهانە پڕ نارێکی و نایاساییە دابنێت و چارەسەر و ڕێگای گونجاوی لابێت؟! هیچ نەبێت بەشی زۆری بێ یاساییەکان بە کۆتا بێنن!

بەڕای من ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ و لیژنەی ئەمنی پارێزگای هەولێر و دەزگای ئاسایش و زیرەڤانی پێکەوە هاوکاربن، دەتوانن لە ماوەیەکی زۆر کەم لە ڕێگای چەند ئاگادارکردنەوەیەکەوە بە پێداچوونەوە بە مۆڵەت و ئەوراقی سەرجەم مۆتۆرسکێلەکانی نێو شاری هەولێر، چارەسەری زۆربەی زۆری ئەم بێ سەروبەرییانەی ئێستەی مۆتۆرسکێلەکان بکەن و جوانییەکی تر ببەخشنە هەولێری پایتەختی کوردستان.

بێشک نابێت ئەوەشمان لە بیرچێت، بەشێکی زۆری ئەم بێ یاساییە، دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دوکاندارانەی مۆتۆرسکێل دەفرۆشن، هەندێکیان لە پێناو پرکردنی گیرفانی خۆیان، پێشێلی هەموو یاساکانی فرۆشتن و ئەمانەت و سەلامەتی دەکەن! ئەوەی ئێستە مۆتۆرسکێلەکان پێی هەڵدەستن و ئەنجامی دەدەن، جیهانێکی پراوپڕە لە ناڕێکی، لە یاسا شکێنی، بۆیە هەرچییەک ئارەزووی بکەن بێ گوێدانە هیچ لایەنێک و یاسایەک کردوویانە و دەیکەن!!.



هیچ لە شەقام و لێخورپن نازانێت لە دواوە خۆی کێشا بە تڕۆمبێلی هەر یەکێکمان دا و منداڵەکە خوا نەکات مرد، دەبێت چ بکەیت و بڵێیت خەتای کێی بوو؟ یاسا؟ باوک و دایک؟ بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆ؟ یاخود پەروەردە؟ لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، خوا نەخواستە ئەگەر ڕووداوێکی وا ڕووبدات و مۆتۆرسکێلەکە لە دواوە خۆی بە تۆدا بکێشێت و تۆ ئاگاتیش لە هیچیش نەبووبیت، ئەوا هەر تۆی شۆفێری بەستەزمان تێ دەکەوێت و تاوانبار دەکرێت!.

فرۆشتنیشەوە لای ئێمە زۆر نابەرپرسانە کڕین و فرۆشتن بە مۆتۆرسکێلەوە دەکرێت، بە یاسایەکی نوێ و سەردەمیانە ڕێک نەخراوە! بۆیە لەم لایەنەشەوە نارێکییەکی زۆر بوونی هەیە!.

لە ڕووی هاوردەکردنیشەوە سنووردارکەمان بۆ هێنانی مۆتۆرسکێلە بێ کەڵکەکانی وڵاتانی دراوسێمان بۆ نێو هەرێمی کوردستان کراوەیە، هەموو ئەمانە زۆر سەرەتاییانە و نابەرپرسانە دەکرێن، هەر بۆیە ئەمڕۆ هەر یەکێکمان ئارەزووی هەر جۆرێکی ئەوە مۆتۆرسکێلانەمان هەبێت، کە لە بازاڕدا بوونیان هەیە، دەتوانین بیانکڕین و هەر لەوێ بەکاریان بێنین، بێ ئەوەی پێویستمان بە هیچ جۆرە بەڵگە و مۆڵەت و ڕێنماییەکی تایبەت هەبێت!

نابێت دەست بەسەرداگرتنی چەند مۆتۆرسکێلێک و پاشان فرۆشتنیان بەشێوەی داشکان، یاخود (موازەیەدە) لە لایەن بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێرەوە، بە دەستکەوت بێتە هەژمارکردن، ئەم هەنگاوە نەک هەر دەسکەوت نییە، بەڵکو ئەوەی لەم ڕووەوە ئەم بەڕێوبەرایەتییە دیکەی نەشیاو و دواکەوتوو، کە مرۆڤ شەرم بە نووسین و باسکردنیان دەکات، هەموو ئەمانە و زۆری دیکەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی لێپێچینەوەی جددی و سزادانی سەرپێچیکاران و یاسایەکی نوێ و بەهێز.

بەڵێ. ئێستە لە نێو هاوڵاتییاندا پرسیاری زۆر لەسەر چۆنێتی هێنانە ژووروەوەی بەشێکی زۆری ئەو مۆتۆرسکێلانە بۆ نێو هەولێری پایتەختی کوردستان بێت؟! یاخود ئامانجێکی دیکەیان لە پشت هێنانی ئەم هەموو مۆتۆرسکێلە بێ کەڵکانەوە هەیە؟! بێگومان ئەگەر مەبەستیان خزمەتکردنی هەولێر و دانیشتوانەکەی بووایەت، ئەم کارەیان لە ڕێگای قاچاغ و نایاساییەوە ئەنجام نەدەدا!.

زۆرێک لە هاوڵاتییان لە هەنگاوەکانی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێر بۆ بەرای من ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ و لیژنەی ئەمنی پارێزگای هەولێر و دەزگای ئاسایش و زیرەڤانی پێکەوە هاوکاربن، دەتوانن لە ماوەیەکی زۆر کەم لە ڕێگای چەند ئاگادارکردنەوەیەکەوە بە پێداچوونەوە بە مۆڵەت و ئەوراقی سەرجەم مۆتۆرسکێلەکانی نێو شاری هەولێر، چارەسەری زۆربەی زۆری ئەم بێ سەروبەرییانەی ئێستەی مۆتۆرسکێلەکان بکەن و جوانییەکی تر ببەخشنە هەولێری پایتەختی کوردستان.

بێشک نابێت ئەوەشمان لە بیرچێت، بەشێکی زۆری ئەم بێ یاساییە، دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دوکاندارانەی مۆتۆرسکێل دەفرۆشن، هەندێکیان لە پێناو پرکردنی گیرفانی خۆیان، پێشێلی هەموو یاساکانی فرۆشتن و ئەمانەت و سەلامەتی دەکەن! ئەوەی ئێستە مۆتۆرسکێلەکان پێی هەڵدەستن و ئەنجامی دەدەن، جیهانێکی پراوپڕە لە ناڕێکی، لە یاسا شکێنی، بۆیە هەرچییەک ئارەزووی بکەن بێ گوێدانە هیچ لایەنێک و یاسایەک کردوویانە و دەیکەن!!.





وەیسی سەعید وەیسی

لە پێشوازی یادی پیرۆزی مولودی پێغەمبەری ئیسلام

هەموو ساڵێ ڕۆژی 12ی ڕەبیعی یەکەم جیاوازلەگەڵ ڕۆژەکانی تر تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، چونکە لە هاوشێوەی ڕۆژێکی وەهادا لە ساڵی 570ی زایینی کە دوایین پێغەمبەری ئاسمانی حەزرەتی محەمەد لەدایکبوو، کە لەدوایدا لەلایەن پەروەردگارەوە دوایین پەیامی ئاسمانی پێ سپێردرا و بووە سەرداری هەموو پێغەمبەران، هەربۆیەش ئەم بەروارە بە وەچەرخانێکی مێژوویی دادەنرێت لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، کە بەهۆی پەیامی پیرۆزی حەزرەتی محەمد(د.خ)، توانرا گۆرانکاری لە شێوەی ژیان و بیرکردنەوە ڕووبدات و کەسایەتیی مرۆڤ جارێکی تر بنیات بنرێت و شۆرشێکی گەورەی چاکسازی بەرپابکرێت کە بەهۆیەوە کۆتایی بە ستەم و کۆیلایەتی و چەوساندنەوە بهێندرێ و پەرە ی زیاتربە پەیامی خۆشەویستی و یەکسانی و یەکترقبوڵ کردن و لێبووردەیی و پێکەوەژیان بدرێت، بۆیەش لەو بەروارەوە ساڵانە لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی بایەخ بە ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام دەدرێت و بە بەرزی یادی دەکرێتەوە، کە مایەی شانازییە بەدرێژایی مێژووش گەلی کوردستان لەم یادکردنەوەیە بێبەش نەبووە و ڕۆڵی دیار و پێشەنگی بینیوە کە بوونی کەسایەتیی دیاری شاری هەولێر (سوڵتان موزەفەر) نموونەی ئەم ڕاستییەیە کە بۆچەندین سەدە بەر لە ئێستا بووە خاوەنی بیرۆکەی یادی مەولود کە لە دوایدا جیهانی ئیسلامی سەیری گەلی کوردستانیان کرد و ساڵانە لە ڕۆژی (12ی ربیع الاول(یادی مەولود دەکەنەوە.

هەرئەمە نا بەڵکو یادکردنەوەی ئەم ڕۆژە پیرۆزەیە بووەتە بەشێکی زیندووی کەلتووری گەلی کوردستان کە ساڵانە زۆر بە گرنگییەوە بەجۆرەها شێوازیادەکە بەرز ڕادەگیرێت و کووچە و کۆڵانەکان دەڕازێنرێنەوە و نوقڵ و شیرینی دابەش دەکرێن و لە بڵندگۆی مزگەوت و تەکیە و خانەقاکان دەنگی تەواشیح و سرودی ئایینی بەرزدەبێتەوە، بەمەش گەلی کوردستان دووپاتی ئەو ڕاستییەی کردووە کە هەمیشە (کورد ومەولود) هیچ کات لەیەک جیاناکرێنەوە و ئەم یادکردنەوەش شایەنی خاوەنی یادەکەیە و پێویستە تا هەمیشە یادی مولود بەزیندوویی بهێنێتەوە کە لەم بارەیەوە بەدیعوزەمان سەعیدی نەورەسی جوانی فەرمووە کە خوێندنەوەی مەولودنامەی پێغەمبەر و قەسیدەی میعراج، عادەتێکی ئیسلامیی جوان و گەلێ سوودبەخشە، تەنانەت مایەی پێکەوە دانیشتن و هاودەمییەکی ناسک و خاوێنە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی موسڵماناندا. هەروەک دەرس و وانەیەکە لەوپەڕی تام و لەزەت و خۆشی دا بۆ یادخستنەوەی ڕاستییەکانی ئیمان و بزواندنی خۆشەویستیی خوا و عیشقی پێغەمبەر لە دڵی موسڵماناندا.

لەخوا داوا دەکەین ئەم عادەتە تا ئەبەد بە بەردەوامی بهێڵێتەوە. بۆیەش گرنگە ساڵانە لەگەڵ یادکردنەوەی ئەم ڕۆژە مێژوویە هەڵوەستەش لەسەر لایەنە جیاکانی ژیانی کەسایەتی پێغەمبەر بکەین و بەراوردێک لە نێوانماندا بکەین، هەوڵ بدرێت زیاتر بایەخ بە پەیام و ئامانج و ستراتیژییەکانی بدەین بە تایبەت لە قۆناغێکی وەک ئێستای کوردستان کە زیاتر لە هەر شتێکی تر پێویستیمان بە پەیامی لێبووردەیی و خۆشەویستیی و پێکەوەژیان و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی هاوڵاتیان هەیە کە دیاریشە ئەمانە لە پێشەوەی بنەما هەرە سەرەکییەکانی پەیامی پێغەمبەرن کە بە درێژایی مێژووش خەسڵەتی دێرینی گەلی کوردستان بووە، هەر ئەمەشە وایکردووە کوردستان ببێتە مەڵبەندی پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکان، کە بێ کێشە ئیماندارانی سەرجەم ئایینەکان ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن و ڕێز لە بیروباوەری یەکتر دەگرن کە ئەمەش بەڵگەی تێگەیشتنی تەواوی گەلی کوررد لە حەقیقەتی ئیسلام کە پێویستە لە یادی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام زیاتر بایەخ بەم کەلتوورە جوانەی پێکەوەژیان بدەین تا هەمیشە سیمای ئایین پەروەری لە کوردستاندا ڕەنگ بداتەوە، چونکە هەر هەموومان لەم هەرێمەدا هاوبەش و هاوچارەنووسین و هیچ کات دوژمنان جیاوازییان لە نێوان هیچ ئایین و پێکهاتەیەک نەکردووە. لە دووماهیدا بەپێویستی دەزانم یادی پاک و موبارەکی سەرداری پێغەمبەران لە موسڵمانانی کوردستان پیرۆزبکەم، بەو ئومێدەین ببێتە مایەی خێروخۆشی بۆهەموو لایەک و زیاتر پتەوکردنی گیانی تەبایی و برایەتی و یەکڕیزیی هێز و لایەنە سیاسییەکان و کۆتایییهێنان بەکێشە وگرفتەکان لەپێناو زیاترخزمەتکردنی خەڵکی کوردستان و پاراستنی دەسکەوتەکان و بەدیهاتنی ئاوات و خواستەکانی گەلی کوردستان بۆژاندەیەکی گەشتر بۆ کوردستانیان.

مديرية شرطة محافظة اربيل
شرطة المفقودات
العدد: ١٧٠٤٥
التاريخ:٢٠١٩/١١/٦
الى/ مديرية شرطة كمارك المنطقة الاولى/
قسم شرطة كمرك سوران.د.ق
فقدان هوية العسكرية
تنفيذا لقرار السيد حاكم تحقيق اربيل المؤرخ في (٢٠١٩/١١/٦) ادعى المخبر (ر.ع/ ارام ازاد صادق عبدالله/ خوشناو) بانه فقدت منه هوية العسكرية المرقمه (١٩٤٦٥٦٢) الصادرة من وزارة الداخلية العراقية لاتخاذ ما يلزم حسب التعليمات..
مع التقدير..
المرفقات:
- النسخة الثانية من الاوراق التحقيقية.
ملاحظة:
- نافذة لمدة عشرة ايام
من تاريخ صدوره اعلاه
العميد الحقوقي
عبدالقادر محمد حسن
مساعد مدير شرطة محافظة اربيل

***

مديرية تنفيذ سميل
العدد /٤٦/خ/٢٠١٩
التاريخ /٢٠١٩/١٠/٢٩
اعلان
قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع حصة المدين(عمر اسماعيل ابراهيم حسنين) في شركة شينتو لصناعة الهياكل المعدنية والتجارة العامة /المحدودة مع معمل لصناعة الهياكل المعدنية العائدة لها والواقعة في المنطقة الصناعية كواشي في قضاء سميل فعلى الراغب بالشراء الحضور

في هذه المديرية بعد مرور (ثلاثة) ايام تبدا من اليوم التالي للنشر مستصحبا معه التامينات القانونية والبالغة (١٠٪) من القيمة المقدرة علما بان القيمة المقدرة لحصة المدين يبلغ (٣٩٧٨٠٠٠٠٠) ثلاثمائة وسبعة وتسعون مليون وثمانمائة الف دينارعراقي وفي حالة مصادفة يوم المزايدة عطلة رسمية يكون اليوم التالي الذي يليه هو موعد للمزايدة
المنفذ العدل / ريبر سلمان خالد

***

دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٢٤ / ق . م / ٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٦
جاردان
بۆ داواليكراو/ هيوا عزيز قرنى
شوێنى نيشتەجێبوون نادیار.
داواكار (صفاء جاسب مفتين) داواى ژمارە (٢٤ / ق . م / ٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردبوو کە تێدا داواى (پشکنینى بەپەلە دەکات) ئەم دادگایە لە رێکەوتى ٢٠١٩/١٠/٧ بریارى کۆتایى بەپاشملە دەرکردووە بە (تثبيت الوضع الراهن للدار المرقم (R3-٨٣) فى مجمع ئازادى نوێ (اتكونز) لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێى اشعارى موختارى کۆمەلگاى ئازادى نوێ بۆیە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت بە بریارەکە لەرێگەى دوو رۆژنامەى ناوخۆیى رۆژانە، بۆت هەیە خۆت یان بریکاردارت لە ماوەى یاسایىدا نارازیبونى خۆت یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێى یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای بەرایی سلێمانی/٥
ژمارە: ٢٣٧٦/ب/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٣
ئاگاداری
داواکار (هەڵو غالب عبيد)
داوا لەسەرکراو/ هێرش کریم خوارەحم
بەرواری (٢٠١٩/٨/٢٦) بریارێک دەرچووە لە دادگای بەرایی سلێمانی/٥ بە ژمارە ٢٣٧٦/ب/٢٠١٨ بەپابەندکردنی داوالەسەرکراو بە گەرانەوەی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٥٥٦٦١/ فحص بغداد مۆدێل ٢٠٠٥) بۆ داواکار و سەرجەم تێچوونەکانی داواکە دەکەوێتە سەر داوالەسەرکراو بە ئەرکانەی پارێزەرێتی بریکاری داواکار بەبری (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە ئاگادارت دەکەینەوە لە رێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆییەوە لەماوەی ٣٠ رۆژ لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامەی رۆژانە گەرنا بەپێچەوانەوە کاتێک ئەم بریارە پلەی بنبڕی کۆتایی وەرگرت پێویستە لەسەرت بری (١٧١٠٠,٠٠٠) حەفدە ملیۆن و سەد هەزار لە خەزێنەی بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر دابندرێت بەناوی خاوەن مولکی زیادەرۆ کراوتە سەر لەماوەی (٣) مانگ ئەگەر نا بەپێی یاسای جێبەجێکردن (قانون التنفیذ) هەلسوکەوتت لەگەڵ دەکرێت.
هێور محمد احمد
سەرۆکی لێژنەی پێك هێنراوی بریاری (٥٢٧ ساڵی ١٩٨٥)

***

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە
بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی
خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٧٢٣٦/٦
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٦
بۆ/ هاوڵاتی (وفاء حازم عزيز) خاوەن مولکی (٩/١١٣٠ ك ٤٤ وارش)
ئاگادارکردنەوە
ئاگاداری هاوڵاتی (وفاء حازم عزيز) خاوەن مولکی (٩/١١٣٠ ك ٤٤ وارش) دەکەینەوە لەبەر ئەوەی ناونیشانت دیار نیە لێژنە بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لەرێگای رۆژنامەیەکی رۆژانە کەوا بریاری ژمارە (٥٢٧ سالی ١٩٨٥) کە لە رێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٨ لە بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر دەرچووە لەدژت لەبەر ئەوەی زیادە رۆیت کردۆتە سەر مولکی دراوسێت بە ژمارە (٩/١١٣١ ك ٤٤ وارش) مافی تانە لێ دانت هەیە لەم بریارە لەماوەی (٣٠) رۆژ لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامەی رۆژانە گەرنا بەپێچەوانەوە کاتێک ئەم بریارە پلەی بنبڕی کۆتایی وەرگرت پێویستە لەسەرت بری (١٧١٠٠,٠٠٠) حەفدە ملیۆن و سەد هەزار لە خەزێنەی بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر دابندرێت بەناوی خاوەن مولکی زیادەرۆ کراوتە سەر لەماوەی (٣) مانگ ئەگەر نا بەپێی یاسای جێبەجێکردن (قانون التنفیذ) هەلسوکەوتت لەگەڵ دەکرێت.
هێور محمد احمد
سەرۆکی لێژنەی پێك هێنراوی بریاری (٥٢٧ ساڵی ١٩٨٥)

***

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە
بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی
خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٧٢٣٦/٦
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٦
بۆ/ هاوڵاتی (وفاء حازم عزيز) خاوەن مولکی (٩/١١٣٠ ك ٤٤ وارش)
ئاگادارکردنەوە
ئاگاداری هاوڵاتی (وفاء حازم عزيز) خاوەن مولکی (٩/١١٣٠ ك ٤٤ وارش) دەکەینەوە لەبەر ئەوەی ناونیشانت دیار نیە لێژنە بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لەرێگای رۆژنامەیەکی رۆژانە کەوا بریاری ژمارە (٥٢٧ سالی ١٩٨٥) کە لە رێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٨ لە بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر دەرچووە لەدژت لەبەر ئەوەی زیادە رۆیت کردۆتە سەر مولکی دراوسێت بە ژمارە (٩/١١٣١ ك ٤٤ وارش) مافی تانە لێ دانت هەیە لەم بریارە لەماوەی (٣٠) رۆژ لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامەی رۆژانە گەرنا بەپێچەوانەوە کاتێک ئەم بریارە پلەی بنبڕی کۆتایی وەرگرت پێویستە لەسەرت بری (١٧١٠٠,٠٠٠) حەفدە ملیۆن و سەد هەزار لە خەزێنەی بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر دابندرێت بەناوی خاوەن مولکی زیادەرۆ کراوتە سەر لەماوەی (٣) مانگ ئەگەر نا بەپێی یاسای جێبەجێکردن (قانون التنفیذ) هەلسوکەوتت لەگەڵ دەکرێت.
هێور محمد احمد
سەرۆکی لێژنەی پێك هێنراوی بریاری (٥٢٧ ساڵی ١٩٨٥)

***

دادگای بەرایی سلێمانی/٥
ژمارە: ٢٣٧٦/ب/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٣
ئاگاداری
داواکار (هەڵو غالب عبيد)
داوا لەسەرکراو/ هێرش کریم خوارەحم
بەرواری (٢٠١٩/٨/٢٦) بریارێک دەرچووە لە دادگای بەرایی سلێمانی/٥ بە ژمارە ٢٣٧٦/ب/٢٠١٨ بەپابەندکردنی داوالەسەرکراو بە گەرانەوەی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٥٥٦٦١/ فحص بغداد مۆدێل ٢٠٠٥) بۆ داواکار و سەرجەم تێچوونەکانی داواکە دەکەوێتە سەر داوالەسەرکراو بە ئەرکانەی پارێزەرێتی بریکاری داواکار بەبری (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە ئاگادارت دەکەینەوە لە رێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆییەوە لەماوەی ٣٠ رۆژ لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامەی رۆژانە گەرنا بەپێچەوانەوە کاتێک ئەم بریارە پلەی بنبڕی کۆتایی وەرگرت پێویستە لەسەرت بری (١٧١٠٠,٠٠٠) حەفدە ملیۆن و سەد هەزار لە خەزێنەی بەرێوەبەرایەتی

بریکارت ئامادەبێت لە دادگاکەمان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە پاشملە و ئاشکرا.
دادوەر/ کەنار طاهر قادر

***

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە
بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٧٢٣٧/٦
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٦
بۆ/ هاوڵاتی (کارزان محمد صالح)
خاوەن مولکی (٩/١١٣٢ ك ٤٤ وارش)
ئاگادارکردنەوە
ئاگاداری هاوڵاتی (کارزان محمد صالح) خاوەن مولکی (٩/١١٣٢ ك ٤٤ وارش) دەکەینەوە لەبەر ئەوەی ناونیشانت دیار نیە لێژنە بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لەرێگای رۆژنامەیەکی رۆژانە کەوا بریاری ژمارە (٥٢٧ سالی ١٩٨٥) کە لە رێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٨ لە بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر دەرچووە لەدژت لەبەر ئەوەی زیادە رۆیت کردۆتە سەر مولکی دراوسێت بە ژمارە (٩/١١٣١ ك ٤٤ وارش) مافی تانە لێ دانت هەیە لەم بریارە لەماوەی (٣٠) رۆژ لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامەی رۆژانە گەرنا بەپێچەوانەوە کاتێک ئەم بریارە پلەی بنبڕی کۆتایی وەرگرت پێویستە لەسەرت بری (١٧١٠٠,٠٠٠) حەفدە ملیۆن و سەد هەزار لە خەزێنەی بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر دابندرێت بەناوی خاوەن مولکی زیادەرۆ کراوتە سەر لەماوەی (٣) مانگ ئەگەر نا بەپێی یاسای جێبەجێکردن (قانون التنفیذ) هەلسوکەوتت لەگەڵ دەکرێت.
هێور محمد احمد
سەرۆکی لێژنەی پێك هێنراوی بریاری (٥٢٧ ساڵی ١٩٨٥)

***

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٥٤٠
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (خەلکی دیار) بۆ بەدواداچوونی کاروباری نیشینگەی بیانی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (خەلکی دیار) بۆ بەدواداچوونی کاروباری نیشینگەی بیانی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١٠/١٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (بارزان خالد کریم) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠١٩/١٠/٣٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٩٤٧
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (HAPPY FOUR SEASONS) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (HAPPY FOUR SEASONS) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٣٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (یاسین نوری عباس) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠١٩/١١/٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٧٨٧
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ظلال زيتون) بۆ بازرگانی ئامێر و پێداویستی پزیشکی و تاقیگە/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ظلال زيتون) بۆ بازرگانی ئامێر و پێداویستی پزیشکی و تاقیگە/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (قاسم محمد عزيز) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠١٩/١١/٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Sherwan Petroleum) بۆ بازرگانی گشتی و پیشەسازی و بەرهەمهێنانی اسفلتی مؤکسد شل و رونی چەور/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ هێرش حمید نوري
ناونیشان/ هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٩١١
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (رۆدس) بۆ بەلێندەرایەتی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (رۆدس) بۆ بەلێندەرایەتی گشتی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١١/٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ئاراس جلال محمود) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠١٩/١١/٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٧٤٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٤
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (A.V.A.E)
بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (A.V.A.E) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (مەریوان وەیسی صابر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠١٩/١١/٤
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٨٣٣
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ئەلیگان کونستراکشن)
بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ئەلیگان کونستراکشن) بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١١/٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (میران شیرزاد قادر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠١٩/١١/٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٧٣٠
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٤
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (رکاز) بۆ حەج و عومرە/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (رکاز) بۆ حەج و عومرە/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (قاسم محمد عزيز) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠١٩/١١/٤
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٩٠٣
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (BEAUTY TRICK)
بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (BEAUTY TRICK) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١١/٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (دەریا خالند خضر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠١٩/١١/٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

فەرمانگەی دادنوسی سلێمانی/١
ئاگاداری
بەپێی ئەو داواییەی کە لەلایەن (وریا عزیز محمود ٥٠٪ دیاری محمود رسول ٥٠٪) پێشکەش بە فەرمانگەکەمان کراوە خاوەنی کارگە (باخەوان بۆ بەرهەم هێنانی بلۆکی عازل) لەبەروارى (٢٠١٩/١٠/٢٣) داوای تۆمارکردنی ئەو ئامێرانەی کردووە لە (سلێمانی/ تانجەرۆ) دانراون کە ئامێرەکانیان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسایی دادنووسانی ژمارە (٣٣) ساڵی (١٩٩٨) بەرکار لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیداریان خاوەنی هەرێەك لەو ئامێرانە دادەنێ لە ماوەی (١٥) پانزە رۆژ سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارە تۆماری ئامێرەکانی پێ ئەدرێت.
دادنووس/ محمد سلیمان رۆستم
ئامێرەکان-
١- مشارى برین کارەبایی قەبارە گەورە / المانی/ ٢٠١٤/ ژمارە/١٤٢٤.
٢- خباتەی نیو مرکزی لەگەڵ پاشکۆکانی / هوپەر/ قەپان/ ٣ کۆمپرێسەر/ بەژمارە أ/٣٧٣٠٣٨ ب/٣٧٣٠٣٦ ج/٥٨٣٤٦٦ ئەلمانی/ ٢٠١١
٣- رافعەی ٣ طن / یابانی/ ٢٠٠٤ / ژمارە/ T18C-٠٠٠٩٩ لەگەڵ پاشکۆکانی ئامێری پێچانەوەی بلۆك و دوو رافعەی دەستی و چەند قالبێکی بلۆك.
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٩/٢٠١١
ڕێکەوت/٢٠١٩/١١/٧
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا پشکێن قەردار (دلشاد اسماعیل حسن) ژ مولکێ ژمارە (١٤٩٧/١) کەرتێ (٨٤/بروشکی) کو دبنە (٣٩٢٠٤٠ سهم)ژ (٦٦٥٢٨٠ سهم) ودکەفێتە (دهۆك) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (دلشاد رمضان حسن) بکۆژمێ (١٥١٢٠٠٠٠) پازدە ملیون وسەد وبیست هزار دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) ڕوژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی یێ پشکا قەردارى بتنێ کو دبیتە (١٨٣٨٥٧١٤٢) سەد وهەشتێ وسێ ملیون وهەشت سەد وپێنجی وحەفت هزار وسەد وچل ودوو دینار دگەل ڕەگەزنامە عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە سالوخەت : جە وژمارە دهۆك(١٤٩٧/١) کەرتێ (٨٤/بروشکێ) جور پێك هاتیە ژ خانیێ ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ دوو نهومان یا ئەردی پێك دهێت ژ چار دکانان ویا دووێ پێك دهێت ژ دوو خانیان خانیێ ئێکێ پێك دهێت ژ شوقەیەکا ئاکنجیبوونێ وپێك هاتیە ژ ژورەکا نڤستنێ وژورا پێشوازیێ وهول وپێکهاتێن ساخلەمیێ وخانیێ دووێ پێك دهێت ژ سێ ژورێن نڤستنێ وپێکهاتێن ساخلەمیێ روبەر هەمی (٢ ئولك و ٢٣,٨٨ م٢) کوژمێ خەملاندی پشکا قەرداران یتنێ (١٨٣٨٥٧١٤٢) سەد وهەشتێ وسێ ملیون وهەشت سەد وپێنجی وحەفت هزار وسەد وچل ودوو دینار
هاریڤان ایوب عبدالله / (جێ بەجێ کاری داد)
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٨٧٧/ش/٢٠١٩
ڕێکەوتی / ٢٠١٩/١١/٦
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : محمد علی محمد
ل دیف داخوازا داواکار(کاڕین وصفی صالح) وکێشا ژمارە (٨٧٧ /ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژێکڤەبون (التفریق) ، و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (بیدارێ) یا ژمارە (٣٢٥٨) ل (٢٠١٩/١٠/٣١) و نڤیسارا هەلبژارێ تاخێ (بێدارێ) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامیت ڕوژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا (١٣/ ١١/ ٢٠١٩) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕێکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن . دادوەر / دارا طاهر توفیق
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانووبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی عینکاوە
جاردانی داواکاری تاییدی تۆمارکردنەوەی خانووبەرە
بە پێی ئەو داواکاریەی لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٤) بەم فەرمانگەیە کراوە بۆ سەرلە نوێ تۆمارکردنی تەواوی خانووبەرەی زنجیرە (٣٩١ تسلسل عینکاوە) گەرەك (درگە) بە ناوی (رئاسة اسقفیة ایبارشیة اربیل الکلدانیة) کە لە ژێر دەستیەیەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەنی و مەبەستی چەسپاندنی خاوەندارییەتەکەی بۆ ئەوەی بە پێی یاسا تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆماربکرێت. بریارماندا داواکاریەکەی بلاوبکرێتەوە . جا هەر کەسێك پەیوەندی هەبێ یا مافێکی دیاری کراوی لە سەر هەبێ لە ماوەی (٣٠ / سی ڕۆژ) لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم بەرێوەبەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی دوای کۆتایی ماوەی ئەو بلاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەم نۆرینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ .
دلێر فتح الله شفیق/ تێبینەری تۆمارگای خانووبەرەی عینکاوە
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١٢٢٠/ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: گۆران قیس نورالدین
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری (٢٠١٩/١٢/٢٩) بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٥٩) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١٢١٨/ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: جودی فواز محمود
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری (٢٠١٩/١٢/٢٩) بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٥٣) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٩٣٦/ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: کارزان رحمن رحیم
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری (٢٠١٩/١٢/٢٩) بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٥٣) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٩٧١/ك/٣/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/
ڕەنجدەر احمد مصطفی
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٢٣ بە مەبەستی دادگایی کردنتان بە پێی مادە (٤٥٦) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆتان بەرپرسیارن بەپێی یاسا.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٦١٩/ك/٣/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ محمد دلشاد مصطفی
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٦١٩/ك/٢٠١٩/٣ لە ٢٠١٩/١٠/٦ لەسەرت بەزیندانی کردنیان (الحبس) بۆماوەی (٦/شەش مانگ) بەپێی ماددەی (٤٥٧) لەیاسای (سزا) بەشێوەیەکی پاشمەلە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریار درا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٢٩ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٥٣) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٩٧٢/ك/٣/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٩
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ دلشاد
عبدالرحمن مجید و دیدەوان انور
احمد و حمد شیخۆ سعید
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٢٣ بە مەبەستی دادگایی کردنتان بە پێی مادە (٤٥٦) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆتان بەرپرسیارن بەپێی یاسا.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (BEAUTY TRICK) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (رۆدس) بۆ بەلێندەرایەتی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (A.V.A.E) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Senior Supply Chain Analyst
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key responsibilities:

- Working across the complete end to end supply chain to drive in efficiencies, working alongside the operational teams/functions to diagnose root causes, extract insights, troubleshoot and optimize the processes and value for the customer;
- Defining and monitoring supply chain performance, identifying key customer relevant parameters, continuous improvement opportunities;
- Propose new Key Performance Indicators to better monitoring Supply Chain Operations;
- Analyses of complex situations with proposed improvements / solutions and understanding the Key Performance Indicators (KPIs);
- Work with projects on an integrated planning model to ensure realistic completion dates, reflecting market conditions;
- Run / lead root cause analysis and define together with the different operational functions mitigation / improvement actions and follow them up until sustainable implementation;
- Introduce category management & benchmarking for key materials and services;
- Liaise and work with other parts of supply chain organization to implement the adequate measures to improve operations and hence customer satisfaction;
- Launch, track and follow up improvement projects / actions;

Required Qualifications & Experience:

- Relevant degree or equivalent in e.g. Supply Chain Management, Finance, or other relevant degree; 15+ years relevant experience;
- Demonstrable experience in financial analysis (preferably within an International Upstream Oil & Gas organization);
- Skills level of International Governance processes;
- Awareness of Best Practices in Supply Chain or equivalent analyses;

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە/٥٧٥/ ك٢ /٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٩/٢٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ راستی ادریس عبدالله
ئاگادارکردنەوە
ئاماژە بەداواى ٥٧٥/ ك٢ /٢٠١٩ تۆمەتبارى هەڵاتوو (راستى ادريس عبدالله) شوێنى نيشتەجێت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەى (١٤٣) لە یاسای بنەماکانى دادگاکردنى سزا دادگا بریارى دا لە رێگاى دوو رۆژنامەى رۆژانەى ناوخۆیى ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کات ژمێر (٩)ى بەیانى لە رێکەوتى ٢٠٢٠/١/٢٦ بەمەبەستى دادگایى کردنت بەپێى مادەى (٤٥٣) لە یاساى (سزاکان) بە پێچەوانەوە دادگایى کردنت بەشێوەى پاشملە (غیابى) بەرنیو دەچێت بەگوێرەى رێساکان.
دادەر/ حسن علی مراد امین
***
دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە/٥٦٠/ك٢/٢٠١٨
رێکەوت:٢٠١٩/١٠/٣١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: یاسین همزه عزیز
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بریارى حوکمى دەرکردووە بە ژمارە ٦٠/ك٢٠١٨/٢ لە رێکەوتى ٢٠١٩/١١/١٢ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەى (٨) هەشت مانگ بەپێى مادەى ٤٥٦ لەیاساى (سزاکان) بەشێوەیەکى پاشملە غیابى لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆى دوو رۆژنامەى ناوخوى رۆژانە پێت رابگەینرێت مافى تانوو لێدانت هەیە (الطعن) لە بریارەکە بەرێگاى نارازیبوون (الاعتراض) لەماوەى یاسایدا ٣ مانگ لەرۆژى بلاوبوونەوەى ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە (التمییز) لە ماوەى (١) یەك مانگ بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەى بنبرەوەدە گرێت.
دادەر/ حسن علی مراد امین
***
دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە/١٥٧/ اقامة /٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ عبدالرحمن
محمد نبیل حسن
ئاگادارکردنەوە
ئاماژە بەداواى ١٥٧/ اقامة /٢٠١٩ تۆمەتبارى هەڵاتوو (عبدالرحمن محمد نبیل حسن) شوێنى نیشتەجێت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەى (١٤٣) لە یاساى بنەماکانى دادگاکردنى سزا دادگا بریارى دا لە رێگاى دوو رۆژنامەى رۆژانەى ناوخۆیى ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کات ژمێر (٩)ى بەیانى دادگایە کاتژمێر (٩)ى بەیانى لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٣٠ بەمەبەستى دادگایى کردنت بەپێى مادەى یاسایى (٤٥٦) لە یاساى (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارى بەپێى یاسا.
دادەرى یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٤٩٩/ك٢٠١٩/٣
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ یاسین حسین کریم
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریارى حوکمى دەرکردووە بەژمارە ٤٩٩/ك٢٠١٩/٣ لە ٢٠١٩/١٠/١٤ لەسەرت بەزیندانى کردنیان (الحبس) بۆماوەى (٦/شەش مانگ) بەپێى مادەى (٣٨٩) لەیاساى (سزا) بەشێوەیەکى پاشملە (غیابى) لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریار درا بەهۆى دوو رۆژنامەى ناوخۆیى رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافى تانووت لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگاى نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەى یاساییدا (٣ مانگ لە رۆژى بڵاوبوونەوەى ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەى بنبرى وەردەگرێت.
دادەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١٢١٩/ك١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: نازاد
عبدالرحمن خورشید
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەى شوێنى نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەى/١٤٣ لە یاساى بنەماکانى دادگایى کردنى سزایى، دادگاکەمان بریاریدا لە رێگاى رۆژنامەى ناوخۆى رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ى بەیانى لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٢٩ بەمەبەستى دادگایى کردنت بەپێى مادەى یاسایى (٤٥٦) لە یاساى (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارى بەپێى یاسا.
دادەرى یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١١٥٨/ك١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٣٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: احمد سلیم غزال
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەى شوێنى نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەى/١٤٣ لە یاساى بنەماکانى دادگایى کردنى سزایى، دادگاکەمان بریاریدا لە رێگاى رۆژنامەى ناوخۆى رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ى بەیانى لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٣٠ بەمەبەستى دادگایى کردنت بەپێى مادەى یاسایى (٤٥٦) لە یاساى (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارى بەپێى یاسا.
دادەرى یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١١٥٩/ك١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٣٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: ساکار واحد عمر
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەى شوێنى نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەى/١٤٣ لە یاساى بنەماکانى دادگایى کردنى سزایى، دادگاکەمان بریاریدا لە رێگاى رۆژنامەى ناوخۆى رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ى بەیانى لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٣٠ بەمەبەستى دادگایى کردنت بەپێى مادەى یاسایى (٤٥٦) لە یاساى (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارى بەپێى یاسا.
دادەرى یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١١٦٢/ك١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٣٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: حسن پیرداود حسن
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەى شوێنى نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەى/١٤٣ لە یاساى بنەماکانى دادگایى کردنى سزایى، دادگاکەمان بریاریدا لە رێگاى رۆژنامەى ناوخۆى رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ى بەیانى لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٣٠ بەمەبەستى دادگایى کردنت بەپێى مادەى یاسایى (٤٥٦) لە یاساى (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارى بەپێى یاسا.
دادەرى یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٣٩٩/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (ارکان حامد جاسم)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەى (١٤٣/ج) لەیاساى بنەماکانى دادگایى سزایى دادگاکەمان بڕیارى دا لەرێگاى دوو رۆژنامەى ناوخۆیى هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێى مادەى ٢٣ لە یاساى هاتووچۆ لە کاتژمێر (٩) بەیانى لەرێکەوتى ٢٠١٩/١٢/٢٤ بۆ دادگایى کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارى دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەرى یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٣٩٧/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (شعلان سامی عناد)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەى (١٤٣/ج) لەیاساى بنەماکانى دادگایى سزایى دادگاکەمان بڕیارى دا لەرێگاى دوو رۆژنامەى ناوخۆیى هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێى مادەى ٤٥٣ لە یاساى سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانى لەرێکەوتى ٢٠١٩/١٢/١٨ بۆ دادگایى کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارى دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەرى یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٣٩٥/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (مؤید عبدالله حسین)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەى (١٤٣/ج) لەیاساى بنەماکانى دادگایى سزایى دادگاکەمان بڕیارى دا لەرێگاى دوو رۆژنامەى ناوخۆیى هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێى مادەى ٤٥٩ لە یاساى سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانى لەرێکەوتى ٢٠١٩/١٢/١٨ بۆ دادگایى کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارى دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەرى یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٣٩٦/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (علی
عبدالکریم محمود)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەى (١٤٣/ج) لەیاساى بنەماکانى دادگایى سزایى دادگاکەمان بڕیارى دا لەرێگاى دوو رۆژنامەى ناوخۆیى هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێى مادەى ٢٣ لە یاساى هاتووچۆ لە کاتژمێر (٩) بەیانى لەرێکەوتى ٢٠١٩/١٢/٢٤ بۆ دادگایى کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارى دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەرى یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٣٩٨/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (شعلان سامی عناد)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەى (١٤٣/ج) لەیاساى بنەماکانى دادگایى سزایى دادگاکەمان بڕیارى دا لەرێگاى دوو رۆژنامەى ناوخۆیى هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێى مادەى ٤٥٩ لە یاساى سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانى لەرێکەوتى ٢٠١٩/١٢/٢٤ بۆ دادگایى کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارى دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەرى یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٣٩٣/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (رکان حامد جاسم)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەى (١٤٣/ج) لەیاساى بنەماکانى دادگایى سزایى دادگاکەمان بڕیارى دا لەرێگاى دوو رۆژنامەى ناوخۆیى هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێى مادەى ٤٥٩ لە یاساى سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانى لەرێکەوتى ٢٠١٩/١٢/١٨ بۆ دادگایى کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارى دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەرى یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی قوشتەپە
ژمارە:١٥/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (جانیت زیرو حنا)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەى (١٤٣) لەیاساى بنەماکانى دادگایى کردنى سزایى، دادگاکەمان بریاریدا لە لەرێگاى دوو رۆژنامەى ناوخۆیى رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ى بەیانى لەبەروارى ٢٠١٩/١٢/١٧

ئاگادارى
ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیاى (ئەلیگان کونستراکشن) بۆ بەلێندەرایەتى بیناسازى/سنوردار) بریارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکى لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەى یاسایى دا ئاگادارى بەرێوەبەرایەتى کۆمپانیاکانى هەولێر بکاتەوە لە شارى (هەولێر- جووت سایدى بەختیارى- تەنیشت سوپەرمارکێتى ماجستى) بۆ یەکلایکردنەوەى کێشەکان.
پشتیوان مصطفى قادر
بەرێوەبەرى کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگادارى
ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیاى (HAPPY FOUR SEASONS) بۆ فرۆشتنى پلیتى فرۆکەوانى/سنوردار) بریارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکى لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەى یاسایى دا ئاگادارى بەرێوەبەرایەتى کۆمپانیاکانى هەولێر بکاتەوە لە شارى (هەولێر- جووت سایدى بەختیارى- تەنیشت سوپەرمارکێتى ماجستى) بۆ یەکلایکردنەوەى کێشەکان.
پشتیوان مصطفى قادر
بەرێوەبەرى کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگادارى
ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیاى (خەلکى دیار) بۆ بەدواداچوونى کاروبارى نیشینگەى بیانى/سنوردار) بریارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکى لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەى یاسایى دا ئاگادارى بەرێوەبەرایەتى کۆمپانیاکانى هەولێر بکاتەوە لە شارى (هەولێر- جووت سایدى بەختیارى- تەنیشت سوپەرمارکێتى ماجستى) بۆ یەکلایکردنەوەى کێشەکان.
پشتیوان مصطفى قادر
بەرێوەبەرى کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگادارى
ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیاى (ظلال زیتون) بۆ بازرگانى ئامێر و پێداویستى پزیشکى و تاقیگە/سنوردار) بریارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکى لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەى یاسایى دا ئاگادارى بەرێوەبەرایەتى کۆمپانیاکانى هەولێر بکاتەوە لە شارى (هەولێر- جووت سایدى بەختیارى- تەنیشت سوپەرمارکێتى ماجستى) بۆ یەکلایکردنەوەى کێشەکان.
پشتیوان مصطفى قادر
بەرێوەبەرى کۆمپانیاکان هەولێر

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/11/10 ژمارە (5867)
خەبات

کوشتنی بەغدادی و مەترسی کشانەوە



بریت ماکگۆرک

کۆژرانی ئەبوبەکر بەغدادای، هەواڵێکی خۆشە بۆ جیهانی شارستان، ئەو هێرشەی ئەمەریکا لە قوواڵایی باکووری رۆژئاوای سووریا پێی هەڵسا، جارێکی دیکە، کاریگەری بەرچاوی هێزەکانی تایبەتی ئەمەریکا، لەگەڵ شرۆڤەکارانی هەواڵگر، کە رۆڵیان لەو ئۆپەراسیۆنە هەبوو دەردەخات. وردەکارییە ئەو ئۆپەراسیۆنە، راستی زیاتر لەبارەی سووریا ئاشکرا دەکات، کە لە ئاکامی کشانەوەی لەناکاوی ئەمریکا، لە باکووری رۆژئاوای سووریا لەدەستمان دا.

ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، هێشتا 10 هەزار جەنگاوەری لە سووریا ماوە، بەڵام دوای پێنج ساڵ لە گوشاری بەردەوام، ڕێکخراوەکە لاواز بووە و کۆنترۆڵی بەسەرهیچ خاکێکدا نەماوە. لەوانەیە ئەوەیان کاتێکی باشی بەهێزکردنی سەرکەوتنەکان بێت، کارکردن لەسەر دۆزینەوەی ئەو گەنجینەیە، لەلایەن هەواڵگری ئەمەریکا و پاشان دۆزینەوەی شوێنی بەغدادی، لە کاتێکی زۆر گونجاودا بوو، بەدڵنیاییەوە ئێستا شرۆڤەکارانمان کار لەسەر شەن وکەوکردنی ئەو زانیارییانە دەکەن، بۆ ئەوەی پەی بە شوێنی شانە نووستووەکانی داعش و تۆڕەکانی لە سووریا، عێراق و شوێنی دیکە ببەن، بەڵام کشانەوەی لەناکاومان لە سووریا، وا دەکات، کارکردن لەسەر ئەو زانیارییانە ئەستەم بێت، چونکە هێزی تایبەتی ئەمەریکا، ئەو شوێنانەی جێهێشت، کە پێشتر لەوێندەرەوە چاودێری مۆڵگەکانی داعشی دەکرد، بە شارەکانی ڕەقە و منبجیشەوە، کە لەوێوە پلانی هێرشی تێرۆریستی گەورە لەدژی ڕۆژئاوا دادەڕێژرا، ئەو ناوچانەش ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی ڕووسیا و حکومەتی سووریا دان، ئەوەش بەربەست دەخاتە پێش توانای کارکردنمان لەسەر ئەو زانیارییانە.

شاری ئیدلب بووەتە گەورەترین مۆڵگەی تیرۆریستان لە جیهاندا، زۆربەی جەنگاوەرانی بیانی، کە ژمارەیان خۆی لە 40 هەزار دەدات، لە ڕێگەی خاکی تورکیاوە هاتوون، ئەو جەنگاوەرانەش، لە سەروبەندی جەنگی ئەهلی، ڕوویان لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا کردووە، ئێستاش گرووپێکی سەر بە ڕێکخراوی



(ئەلقاعیدە) بەفەرمی، کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیان کردووە، کە لە ڕێگەی بازرگانیکردن لە میانی سنووروەوە ماوەتەوە، پەیوەندییەکی هاوسەنگیشی لەگەڵ گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن هەیە، ئەوانەی لەلایەن تورکیاوە پشتیوانیان لێ دەکرێت. بەغدادی و مالباتەکەی لەو ناوچەیە بینران، ئەو ڕاستیەش، هێشتا بە هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا دا، هێزێکی دژ بە داعش و بە پشتیوانی تورکیا دروست بکات، بەڵام دوو ئیدارەی لەدوای یەکی ئەمەریکا، وایان بینی، بوونی هێزێک بە پشتیوانی تورکیا، ژمارەیەکی زۆر تووندڕۆی تێدا دەبێت، ئەوەش کێشەیان بۆ دروست دەکات. (هەسەدە) بە تێپەڕبوونی کات، نزیکەی 11 هەزار قوربانی دا، کە پشتیوانی زۆری دانیشتووانیشی لەگەڵدا بوو، ئەوەش ڕێگەی بۆ ئەمریکا خۆشکرد، بە ژمارەی کەم لە سووریا کار بکات، مەترسییەکانی سەری کەم بێت و گوژمەشی زۆر نەبێت. هەموو ئەو شتانەی دەری دەخەن، بڕیاری چۆڵکردنی شوێنەکە و ڕێگەدان بە تورکیا هێرش بکاتە سەر (هەسەدە)، بەو هێزە تووندڕۆیانەی پشتیوانیان لێ دەکات، بە نسکۆیەکی ستراتیژی گەورە دادەنرێت، چونکە ئەو ناوچە ئارامەی سووریا هەڵدەتەکێنێت، کە پێشتر هەبوو، پاڵیش بە چالاکە تازەکانەوە دەنێت، بەرەو شوێنی پێشووی داعش بڕۆن، پاڵ بە سەدەها هەزار کوردی سووریاشەوە دەنێت، بۆ پاراستنی گیانیان، ڕوو لە ناوچەی کوردستانی عێراق بکەن. لەوانەیە کوشتنی بەغدادی، سەرنجڕاکێشیەکەی ڕێکخراوی داعش کەم بکاتەوە، ئەمریکاش بتوانێت لەگەڵ هاوبەشەکانی بەوەی ئەو زانیارییانەی بوونە هۆی گەیشتن بە بەغدادی، لەلایەن ئەو هێزانەوە بووە، هەموو زانیارییە هاوشێوەکانی دیکەش، کە سەرانی داعشیان لە سووریا کردبووە ئامانج، بەم شێوەیە بوون. ئەمەریکا یارمەتی گەشەکردنی (هەسەدە)ی دا، کە ئێستا هێزێکی 60 هەزار جەنگاوەریی هەیە، بۆ ئەوەی ببێتە ئەو هێزە پیادەیەی، کە پشتی داعشی لە زەوی دا. ئەمریکا هەوڵی لەسەرتاسەری جیهان، بۆ پتەوکردنی ئەو سەرکەوتنە کار بکات، لەڕێگەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوشێوە، لەدژی شانەکانی ڕێکخراوەکە لە وڵاتانی دیکەوە، بەڵام لە سووریادا، بەهێزکردنی ئەو دەستەکەوتە، لەکاتی ئێستا ئەستەم بووە، چونکە هێزەکانی ئەمەریکا، لەو شوێنانە کشانەوە، کە خەڵکێکی زۆریان تێدا دەژیا، ئەوەش وایکرد (هەسەدە) ڕوو لە ڕووسیا بکات و ببێتە هاوبەشە تازەکەی لە شارەکاندا، ئەوانەی یەک مانگ پێش ئێستا، ئەمریکا تێیاندا، خاوەن پشتیوانی لۆکاڵی بوو و دەشیتوانی زانیاری هەواڵگری بەدەست بهێنێت. سەرۆک تەرەمپ، بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە، کە بووە هۆی کوژرانی بەغدادی، شایستەی ڕێزە، بەڵام ئەو زانیارییانەی ئۆپەراسیۆنەکەی لێ کەوتەوە، وا پێدەچێت، پێش بڕیاری کشانەوەی لەناکاوی هێزەکانی ئەمریکا، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریاوە نەهاتبێت، چونکە هەموو ئەو شتانەی لەبارەی ئۆپەراسیۆنەکەوە دەیزانین، بڕی بەها و گرنگی بوونی بەردەوامی ئەمەریکا لەوێندەر بەهێزتر دەکات.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە:

www.alittihad.ae

مانشێت



فرانس پرێس:

مایکل بلۆمبێرگی سەرمایەدار و ملیاردێری ئەمەریکی بڕیاری دا لەسەر لیستی پارتی دیموکرات و لە ویلایەتی ئالاباما خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا کاندید بکات .



سکای نیوز:

دبلۆماتکارێکی کۆریای باکوور ڕایگەیاند کە دەرفەتەکانی گەیشتنی ئەمەریکا و وڵاتەکەی بە ئەنجامێکی گونجاو بۆ کێشەکانی نێوانیان کەمتر بوونەتەوە .



ئیلاف:

لە ڕۆژهەڵاتی ئوسترالیا ئاگرێکی گەورە لە چەند دارستانێک کەوتەوە و تا ئێستا زیاتر لە 100خانووی وێران کردووە .



کەنالی ئار تی:

ئۆرسولا ڤۆن دیر لاینی سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەوروپا دووپاتی کردەوە کە دەبێ ئەوروپا سەبارەت بە زۆر بابەت فێری بەکارهێنانی زمانی هێز ببێ .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

مۆسکۆ ڕایگەیاند کە ڕازی نیە ڕێکخراوی ناتۆ ئۆکرانیا بخزێنێتە نێو ریزەکانی خۆی .



کەنالی ئار تی:

ئۆرسولا ڤۆن دیر لاینی سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەوروپا دووپاتی کردەوە کە دەبێ ئەوروپا سەبارەت بە زۆر بابەت فێری بەکارهێنانی زمانی هێز ببێ .

یەمەن..

ئیمارات شاری عەدەنی ڕادەستی سعوودیە کرد و کشایەوە



سەربازانی ئیمارات، شاری عەدەنی پایتەختی کاتیی یەمەن-یان ڕادەستی هێزەکانی سعوودیە و یەمەن کرد و کشانەوە.لە هەواڵێکدا کە لە لایەن ئاژانسی فەرمی هەواڵی ئیمارات WAMەوە بڵاوکراوەتەوە، ڕاگەیەندراوی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی ئیمارات کە لە بارەی عەدەن بڵاویکردووەتەوە، خراوەتەڕوو.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە ڕادەستکردنی عەدەن بە هێزەکانی سعوودیە و یەمەن بە سەرکەوتووی بە ئەنجام گەیشتووە.لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە هێزەکانی ئیمارات بەردەوام دەبێت لە شەڕکردن دژبە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان.پێشتر سەرچاوەیەکی سەربازیی بە ئاژانسی ئانادۆلوی ڕاگەیاندبوو کە ئیمارات هێزەکانی لە عەدەنی پایتەختی کاتیی یەمەن کشاندووەتەوە کە بارەگای هاوپەیمانی بە ڕابەرایەتی سعوودیەی لێیە.سەرچاوەکە باسی لەوەیش کردووە کە ئیمارات هێزەکانی لە بارەگای خۆرهەڵاتی عەدەن کشاندووەتەوە و چەک، تەقەمەنی، ئامرازەکانی پەیوەندی و ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتنی بردووەتەوە.ئاماژە بەوەش دەکرێت کە گواستنەوە لە بارەگای هاوپەیمانی بە واتای تەواو کۆتایی هاتن بە ئەرکی چاودێری ڕەوشی سەربازیی و ئاسایشی ئیمارات دێت لە عەدەن.ڕێکخراوی مانگی سووری ئیمارات لە 21ی تشرینی یەکەمدا ڕاگرتنی چالاکییەکانی لە عەدەن ڕایگەیاندبوو. ئیمارات کە چاوەڕوان دەکرا بەرەنگاری حووسییەکان بێتەوە کە ئێران پشتیوانیان دەکات، بەڵام پشتیوانیکردنی لە هێزەکانی سەربە ئەنجوومەنی ڕاگوزەری باشووری جوداخواز، کاردانەوەی بەرپرسانی یەمەنی لێکەوتەوە.

ئاڤان جاف: خەباتی ژنی میدیاکار کەمتر نییە لە خەباتی ژنێک کە لە شاخ بووبێت

خەبات:سولێ سلێمان

ئاڤان جاف سەرنوسەری گۆڤاری "ژن" کە گۆڤارێکە تایبەت بە ژنانە بۆ ئەوەی بتوانین توانستی رۆژنامەنوسە ئافرەتەکان و توانستی ئەوان کۆ بکەینەوە و بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو کە سەکۆیەک هەبێت بۆ پیشاندانی توانا کانی ژنان و ئەو توانا یەی کە لە رۆژنامەنوسە ئافرەتەکان ماندا هەیە ئێمە بتوانین چیرۆکی سەرکەوتنی ژنان پیشان بدەین بەردو پێش چون گەشەسەندنی رەوشی ژن و پیشانی بدەین کە وا لەگەڵ هەموو ئەو کێشەووگرفتانەی کە وا لەسەر ژن هەیە و دونیایەکی جوانی تریشی هەیە کە پێویستە پیشانی بدەین و گۆڤاری "ژن" تا ئێستا بەردەوامە و جگە لە گۆڤارەکە وێب سایتی تایبەت بە خۆی هەیە و چالاکی تریشی هەیە بۆ نمونە ئێمە سالانە کێبرکێی رۆژنامەوانی دەکەین بۆ بەهێز کردنی توانای رۆژنامەنوسە کچەکانمان ، هەروەها لەگەڵ ڕێکخراویی ئینتەر نیوز بۆ بەتوانا کردنی ژنانی رۆژنامەنوس، و چەندین پلان و چالاکی تر وە نوێترین پرۆژەی ئێمە لە ئێستادا خەریکی ئامادەکردنی رەشنوسێکین بۆ پاراستنی مافی ژنانی رۆژنامەنوس لە ناو دەزگاکان یا لە بەرەنگاربوونەوەی لە هەراسانکردن جا هەر جۆرێکی هەراسانکردن بێت زیاتر لە دە ساڵە لە بواری میدیادا کارەدکات دەرچووی پەیمانگاو کۆلێژی بەشی راگەیاندن و ئێستاش یاریدەدەری تویژەرە لە بەشی راگەیاندن لە کۆلێژی ئاداب هەروەها سەرنوسەری گۆڤاری "ژن" ە ، و ڕێکخەری سەنتەری میترۆم لە هەولێر و لە زۆر ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی و ئەوانەی کە لە بواری ژناندیە کارەکەم یا لە بۆردەکان لە پالیشیا کاری خۆیەخشیش دەکەم زیاتر کارە خۆیەخشیەکانم بۆ هاوکاری گشتی کچان و ژنان کە دەست دەکەن بە کارجا لە هەر بواریکدا بێت بواری بزنس بێ یا میدیا بێت یان هونەری یانیش دەست پێشخەری کار بێت بۆیە بەردەوام حەز دەکەم یارمەتیان بدەم ، هەروەها لە زۆرێک لە ڕێکخراوەکان وەک لێژنەی دادوەری کە پرۆژەیەکی تازەیان هەبێت ،وەک کچ و گەنجێکی چالاک بانگیشت دەکرێم ڕۆل ببینم لە وەی کە رۆژەکان هەڵبژێرن و دەستنیشانکردنی کەسی چالاکی خۆیەخش زۆر جار لە ڕێکخراوەکان ڕۆڵم هەبووە، باس لە دیارترین ئەو کێشانە دەکات کە ڕووبەروی خانمان دەبێتەوە لە کاری راگەیاندن دا و دەڵێت:- کاری راگەیاندن کارێکی سەردەمیە کارێکە کێشەی زۆری تێدایە لەبەرئەوەی کە تۆ کارێکی سەردەمی دەکەیت، راگەیاندن یا میدیا راستە میژویەکی دوو رو درێژی هەیە و دەزانین کە یەکەم رۆژنامەی کوردی لە تاراوگە دەرچووە، بەڵام ناکرێت لەگەڵ ئێستا دا بیگونجێنین بڵێین کلتوریکی تایبەت بە راگەیاندنمان هەیە ، چونکە چەند ساڵە راگەیاندن چووتە ناو ئەکادیما دەخوێندرێت ، ئەگەر سەیری بکەین دەبینین لەم چەند ساڵەی رابردووەوە راگەیاندن بەشێوەیەکی سەردەمی کار دەکات واتە جیاوازی هەیە لە نێوان شێوازی کارکردن لە وڵاتێکی پێشکەوتوو و بۆ کوردستان، کە راگەیاندن وەک پیشەیەکی سەرکەوتووی چاوی لێ دەکرێت کە پیشەیەکی پیاوانەبێت کە وانییە، بۆیە ژنان گرفتەکانیان زیاترە ، گرنگترین ئەو کێشانەی کە دێتە بەردەمی ژنان راستە تا رادەیەک توانیویانە بێنە ناو کارەکە چونکە لامن ژمارە گرنگ نییە ئەگەر زۆر بێت یا کەم بەڵکو چۆنایەتییەکەی گرنگە واتە تا چەند ئەو کەسە کەسێکی بەهێزە و بە توانای لە ناو میدیادا دەبینێتەوە کێشەی ئافرەتان لە ناو میدیادا سەرەکی ترینیان ئەوەیە کە ناگاتە ناوەندی کاری میدیای ئێمە چەند کەناڵ مان هەیە کە تا ئێستا هیچیان بەرپرسەکانیان ئافرەت نین ، ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئافرەتەکان چالاک نین یان ئازا نەبن بەڵکو ئێمە ئافرەتی زیرەک و بە تواناماں هەیە ، جارێکی تر هەر کلتورەکە زاڵە بەسەریدا ئەو کلتورەی لە دەرەوە دەچەوسێتەوە لە ناو میدیاو دەزگا راگەیاندنەکاندا گرفت و کێشە هەیە ، کەواتە من پێم وایە کێشەکە کێشەی تێڕوانین لە رووی کە ئایا کاتێک ئافرەتێک دەستنیشانکردنی کەسی چالاکی خۆیەخش زۆر جار لە ڕێکخراوەکان ڕۆڵم هەبووە، باس لە دیارترین ئەو کێشانە دەکات کە ڕووبەروی خانمان دەبێتەوە لە کاری راگەیاندن دا و دەڵێت:- کاری راگەیاندن کارێکی سەردەمیە کارێکە کێشەی زۆری تێدایە لەبەرئەوەی کە تۆ کارێکی سەردەمی دەکەیت، راگەیاندن یا میدیا راستە میژویەکی دوو رو درێژی هەیە و دەزانین کە یەکەم رۆژنامەی کوردی لە تاراوگە دەرچووە، بەڵام ناکرێت لەگەڵ ئێستا دا بیگونجێنین بڵێین کلتوریکی تایبەت بە راگەیاندنمان هەیە ، چونکە چەند ساڵە راگەیاندن چووتە ناو ئەکادیما دەخوێندرێت ، ئەگەر سەیری بکەین دەبینین لەم چەند ساڵەی رابردووەوە راگەیاندن بەشێوەیەکی سەردەمی کار دەکات واتە جیاوازی هەیە لە نێوان شێوازی کارکردن لە وڵاتێکی پێشکەوتوو و بۆ کوردستان، کە راگەیاندن وەک پیشەیەکی سەرکەوتووی چاوی لێ دەکرێت کە پیشەیەکی پیاوانەبێت کە وانییە، بۆیە ژنان گرفتەکانیان زیاترە ، گرنگترین ئەو کێشانەی کە دێتە بەردەمی ژنان راستە تا رادەیەک توانیویانە بێنە ناو کارەکە چونکە لامن ژمارە گرنگ نییە ئەگەر زۆر بێت یا کەم بەڵکو چۆنایەتییەکەی گرنگە واتە تا چەند ئەو کەسە کەسێکی بەهێزە و بە توانای لە ناو میدیادا دەبینێتەوە کێشەی ئافرەتان لە ناو میدیادا سەرەکی ترینیان ئەوەیە کە ناگاتە ناوەندی کاری میدیای ئێمە چەند کەناڵ مان هەیە کە تا ئێستا هیچیان بەرپرسەکانیان ئافرەت نین ، ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئافرەتەکان چالاک نین یان ئازا نەبن بەڵکو ئێمە ئافرەتی زیرەک و بە تواناماں هەیە ، جارێکی تر هەر کلتورەکە زاڵە بەسەریدا ئەو کلتورەی لە دەرەوە دەچەوسێتەوە لە ناو میدیاو دەزگا راگەیاندنەکاندا گرفت و کێشە هەیە ، کەواتە من پێم وایە کێشەکە کێشەی تێڕوانین لە رووی کە ئایا کاتێک ئافرەتێک



کارکردنی ڕۆژنامەنووسی کچ لە دەزگاکان هەر وا شتێکی ئاسان نییە و نابێ بە ئاسانی لێی بڕوانی

لە میدیا کارەدکات یەک دنیا کێشەی لە ناو کۆمەڵگا دا ڕووبەروو دەبێتەوە بەڵام لەو دەزگایەی کە وا کاری لێ دەکات تۆشی جۆرێک لە مەلمانێ دەبێتەوە لەبەر ئەوەی ئەو ئافرەتە چەند بەهێز بێت مادەم باوەری بە توانای ئافرەت نییە نایێت ئەو ئافرەتە بەرز کاتەوە یا لە پۆستەکان یا لە ماوەی کارکردنی بیێتە بەرپرسی لایەرەکان یان بیێتە سەرنوسەر یا بیێتە خاوەن ئیمتیاز ، بۆیە من پێم وایە کێشەکە کێشەی کلتورە و کێشەی باوەربوون بە بابەتی ژن کێشەی ئەوەیە کە تا ئێستا باوەریان بە توانای ژن نییە لەگەڵ ئەوەشدا من مەتمانەیەکی زۆر لە ئافرەتەکانماندا دەبینم، خەباتی ژنی میدیا کار کەمتر نییە لە خەباتی ژنێک کە لە شاخ بێت یان بەرەنگاری دوژمن بێتەوە لەبەرئەوەی زۆر کێشەی دێتە پێش بەڵام هەر بەردەوامە ، راگەیاندنیش جۆرێکە لە خەبات کردن بە ، گوتیشی ئەگەر بێین ئەو کێشەوگرفتانەی کەوا ڕووبەروی رۆژنامەنوسان دبنەوە لە رووی پیشەیی بەشێکی پەیوەندیی دارە بە وەی کە بەداخەوە هێشتا لە وڵاتی ئێمە هەوڵ نادەین کەوا خۆمان پێبگەیێنین ، یاخود ئەو رۆژنامەنوسانەی کە کاردەکەن لە ناو دەزگاکانی راگەیاندن بەشێکیان خۆیان ئارەزوویان لە کارکردن نییە لە بواری میدیا بەڵکو بۆ ئەوە کە بڕێوی ژیانییان ی پێ دابین بکەنم یاخود وەک کارێکی تر چاوی لێ دەکەن وەک ئەوەی کە چۆن بروات یا نابێ بە ئاسانی لێی بڕوانی

پەروەردەی دەشتی هەولێر فیستیڤاڵی هۆزان و پەخشان خوێندنەوەی سازکرد

خەبات : هەمزە سەرحان

لەژێر چاودێری بەڕێز بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر، مامۆستا (سابیرحەمەد کانەبی) بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر. فێستیڤاڵی هۆزان و پەخشان خوێندنەوە بۆ گشت قوتابخانەکانی بنەڕەتی سنوری پەروەردەی دەشتی هەولێر بەڕێوەچوو. بەسەرپەرشتی چالاکی قوتابخانەکان.سەبارەت بەم چالاکییە مامۆستا (جۆڤان جەمال خدر) بەپرسی چالاکی قوتابخانەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر بەم شێوەیە بۆ ڕۆژنامەی خەبات دووا :

هەموو ساڵێک وەکو ڕێنمایی وەزارەت چالاکی قوتابخانەکانی سەربە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر ، لەڵدەستێ بە سازکردنی فێستڤاڵی شیعرو پەخشان بۆ گشت قوتابخانەکانی سنووری پەروەردەمان لێرەدا بەرەمەندەکان دەست نیشان دەکرێت بەرەی قوتابیان بەدەر دەخەین وە گرینگی زیاتر بەو قوتابیانە دەدەین کەبەرەی شیعرو پەخشان و ۆزاوەیان هەیە و بەردەوام کاریان لە گەڵ دەکەین ودەست خۆشی لەو قوتابی و مامۆستا بەڕێزانە دەکەین کە بەشداریێان کردووە لەم چالاکییە ئەدەبییەدا چونکە هەر ئەم قوتابییە بەهرەمەندانەن دەبنە شاعیری دوا ڕۆژ .شایەنی باسە لەم ڤیستڤالەدا نزیکەی (٧٥) قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی بەشدار بووبون و هەرقوتابخانەیەو بەدوو قوتابی بەشداریێان کردبوو .





هونەرمەند و فۆتۆگرافەر فارس سەعدی لەکۆلێژی هونەرەجوانەکان سیمیناریکی پێشکەش کردو پانزەهەمین پیشانگای تایبەتی خۆی کردەوە

خەبات: هەمزە سەرحان

لە هۆڵی ژمارە شەش لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان ، سیمیناریک پێشکەش کرا بە ناونیسانی (ڕایەڵە هاوبەشەکانی نێوان هونەری شێوەکاری و فۆتۆگراف) تیایدا باس لەو دوو هونەرە کرا کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا هەر هونەرێک چەند سوودی بەوەکەی تر گەیاندووە، بۆتە هۆکاری پێش خستنی و لەدایک بوونی قوتابخانەیەکی هونەری، لەوانە لێژنادۆ دافنشی کە بەهۆی کامێرا کە هەر خۆشی دروستی کردو داهێنەرەکەی بوو، بووە خاوەنی قوتابخانەی ڕێناسانس و پیکاسۆ بووە خاوەنی کیوبزم، یان فۆتۆگرافەران سوودیان لە تەکنیک و شێوازی ڕامبرانت وەگرت لە ڕووناککردنەوەی پڕترێت ، تا ئێستاش بەو جۆرە ڕووناککردنەوەیە دەڵێن ڕووناک کردنەوەی ڕامبرانتی، شایەنی باسە سونەرمەندی فۆتۆگرافەر فارس سەعدی سیمینارەکەی بە ئەزموونی خۆی لەگەڵ ڕەسم کردنی تابلۆی بارزانی نەمر لە ساڵی ـ دا بە زەیت بە سوود وەرگرتن فۆتۆی سەربەرگی گۆڤاری المجالس



الکویتیە وەرگرت بە موربعات گەورەی کرد و بە تەکنیکی ڕامبرانتی ڕەسمی کرد، تا هەیبەت و ویقار بداتە کەسایەتیەکە چونکە هەرواش بوو، پاشان ئەزموونی مامۆستا سلیمان شاکر و فائق حەسەن و کەسانی تر باس کرا کە چەن سوودیان لە فۆتۆ وەرگرتووە، بە پێچەوانەوەش ئێستا فۆتۆگرافەرەکان زۆر سوود لە تابلۆی شێوەکارکان دەبینن لە ڕەنگ و دارشتن و بیرۆکەو فۆرم و ئیستاتیکا.هەروەها مامۆستا ئەحمەد زەهاوی مامۆستای بەشی پەیکەرتاشی تابلۆیەکی خۆی بە دیاری پێشکەش بە هونەرمەند کرد وەک وەفاو سەرسامی کۆلیژ بە بابەتەکانی هونەرمەند.لە کۆتایی هەردوو چالاکییەکە ڕاگری کۆلیژی هونەرە جوانەکان پ.د.علی چوکل ڕێزو و سوپاسنامەی پێشکەش بە هونەرمەندی فۆتۆگرافەری کرد لە بەرامبەر ئەو دوو چالاکییە جوان و بە پێزەدا.

چاپکراوی نوێ

پایە و بنەماکانی سیاسەتی گشتی

پەرتووکی پایە و بنەماکانی سیاسەتی گشتی نوسینی دکتۆر حەمید ڕەزا مەلێک محەمەدی، وەرگێڕانی محەمەد کەریخان کەوتە بازار. پەرتوکی بەردەست زانستی سیاسەت دانانی گشتیی بە زمانێکی سادە و بە نمونەی بەر چاو ڕوون کردۆتەوە.



سیاسەتە گشتییەکان کە کۆی ژیانی ئێمەیان لە ناو کۆمەڵگادا دەورە داوە، دەبێ بە قەڵەمێکی زانستی بنکۆڵ بکرێن. هەڵدانەوە و لێکدانەوەی ئەم کارە پێویستی بە زانستی سیاسەت دارشتن هەیە. ئەم زانستە سەر و بنی سیاسەتەکان شی دەکاتەوە؛ لە ڕاستیدا زانستێکە پەیوەندی بە دەوڵەت و دامەزراوەکانی نادەوڵەتیی گشتیی کۆمەڵگاوە هەیە. ئەم پەرتوکە هەستاوە بە خڕوکۆ کردنەوەی بنەماکانی ئەم زانستە بە شێوەیەکی پڕلێن بەند کراو بۆ زانکۆییەکان.گرینگی ئەم پەرتوکە بۆ زمانی کوردی لەوەدایە کە ڕەنگە بەشێک بێ لە هەڵبەستنی بناوانی جۆگەی سیاسەتی گشتیی لە کوردستان. گرینگی دیکەی لەوەدایە کە سیاسەتی گشتی لە وڵاتانی پێشکەوتوو و وڵاتانی هاوشێوەی کوردستان بە نمونە دێنێتەوە. واتا نمونەی ئارمانی و سەرکەوتوو نیشان دەدات و نمونەی بەراوردکاریی لەجێ لە گەڵ وڵاتێکی دراوسێ دێنێتەوە. بەو هیوایەی ئەم زانستە لە کوردستاندا بشکۆێ و پێشکەوێ و بەشی سیاسەتی گشتی و ئایندەتوێژی بە لێکۆڵینەوەکانیان هاوکاری دەوڵەتمەداران بن بۆ ئەوەی کارەکان بە شێوەیەکی زانستی و هەمووڵابینی بچنە پێش. خوێنەرانی سەرەکی ئەم وانانە زانستگەڕانی زانکۆکانن. هەروەها بۆ دەوڵەتمەداران و بەرپرسانی دامەزراوە دەوڵەتییەکان بە کەڵک و پێویستە. (وەرگیراوە لە پوختە و پێشەکی پەرتووک)

فەرمان هیدایەت و فەوزییە ئەکرەمی

دیوانێکی شیعری بەسێ زمان بڵاو دەکەنەوە

بەرهەم شێخ عزەدین: لەکارێکی ناوازەدا فەرمان هیدایەت و پرۆفیسۆر فەوزییە ئەکرەمی،شاژنی هۆزانڤانانی تونس،پێکەوە پەرتووکێکی هۆنراوەیان ئامادەی چاپە،کەتێدا فەرمان هیدایەت هۆنراوەکانی فەوزییە ئەکرەمی کردۆتە کوردی و ئەوانەی خۆشی کردۆتەعەرەبی ، هەروەها هۆنراوەکانی خۆی بەفەڕەنسیش هەیە ،فەرمان هیدایەت بەخەباتی گوت: لەپاش قوتابخانەی کلاسیکی کوردی،ئەمە ئەزموونێکی تازە یە،کە هۆنراوەبەسێ زمان بنووسم.لەگەڵ هۆزانڤانێکی غەیرە کورد پێکەوە ،لەپاش چاپکردنی لەتونس لەئاهەنگێکی تایبەت واژووی دەکەین پێکەوە.



لە یارییەکانی خولی نایابی کوردستاندا

بەبردنەوەی لەپێشمەرگەی سلێمانی، سۆران پێشەنگی یانەکانی وەرگرت

هەولێریش لەسەردەستی شێروانە یەکەم بردنەوەی لەخولەکە تۆمارکرد



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

گەڕی سێیەمی خولی نایابی کوردستان بەبەشداری 13یانە ئەم پێنجەشممەیە بەڕواری 7/11/2019دەستیپێکرد و لەگرینگترین یاریدا هەردوو یانەی هەولێر و شێروانە لەیاریگای فرەنسۆ هەریری /2 ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، یارییەکە لەبەڕێوەندی تیپی خاوەن یاریگا بەئەنجامی 2-1گۆڵ کۆتایی هات و یانەی هەولێر لەسەردەستی شێروانە یەکەم بردنەوەی لەخولەکە دەستەبەرکرد، گێمی یەکەمی یارییەکە دەستیپێکرد و یاریزانانی شێروانە نزیک بوون لەدەستپێشخەری کردن لەگۆڵ تۆمارکردن ، لەبەرانبەردا یاریزانانی هەولێر چەندین جار هێرشیان دەهێنایە سەر گۆڵی شێروانە، بەڵام سەرجەم هێرشەکانیان بێ ئامانج و بێ سوودبوون، گێمی یەکەمی یارییەکەبەبێ گۆڵ تۆمار کردن کۆتایی هات و هەردوولا ئەم گێمەیان بەبێ گۆڵ بەرێکرد.

گێمی دووەمدا یارییەکە پێچەوانەی گێمی یەکەم بوو، هەر لەسەرەتای دەستپێکی یارییەکە ناوبژیوان لێدانێکی سزای بۆ هەولێر هەژمار کرد، یاریزانی هۆگر حوسێن توانی لێدانەکە جێبەجێ بکات و گۆڵی یەکەم لەتیپی میوان تۆمار بکات ،دوای ئەم گۆڵە هەولێر لەهێرشەکانیان بەردەوام بوون بەمەبەستی تۆمارکردنی گۆڵی دووەم، ئەوەبوو یاریزانی یانەی شێروانە محەمەد سابیر بەهەڵە گۆڵی لەخۆیان تۆمار کرد و هەولێری بەدوو گۆڵ پێشخست، هەولێر دوای تۆمارکردنی ئەم دوو گۆڵە متمانەی تەواوی بۆ گەرایەوە و یاریزانەکان بەشێوەیەکی هێمن ولەسەرخۆ یاریان دەکرد وەک پارێزگاری کردن لەئەنجامی یارییەکە، لەبەرانبەردا یاریزانانی شێروانە دوای ئەم دووگۆڵە هێرشەکانیان لەسەر گۆڵی خاوەن یاریگا زیاد کرد ، ئەوەبوو لەڕێگەی یاریزان هەستیار دلشاد گۆڵی یەکەم بۆ شێروانە تۆمار کرا ، دوای ئەم گۆڵە شێروانە هەوڵی دەدا ئەنجامی یارییەکە یەکسان بکاتەوە ، بەڵام هێڵی بەڕگری هەولێر ڕێگر بوون لەسەرجەم مەترسییەکانی تیپی میوان، بەمشێوەیە یارییەکە بەدوو گۆڵ بەرانبەر بەگۆڵێک لەبەڕێوەندی یانەی هەولێر کۆتایی هات و هەولێر لەسەردەستی شێروانە یەکەم بردنەوەی لەخولی نایابی کوردستان بەدەستهێنا و ئێستا بەکۆکردنەوەی 4خاڵ لەپلەی شەشەمی ڕێزبەندی خولەکەدایە، شێروانەش بەکۆکردنەوەی 1خاڵ لەپلەی 12مینی ڕێزبەندی خولەکەدا دەبیندرێت.

ئەنجامی یارییەکانی دیکە بەمشێوەبوو:

سیراونی نوێ *2هۆک 2

هەندرێن 0خ زاخۆ 0

سۆران *3پێشمەرگەی سلێمانی 0

زێرەڤانی *0نەورۆز 0

ڕێزبەندی هەفتەی دووەمی خولەکە لەپلەی یەکەم تاپلەی چوارەم بەمشێوەیە دەبێت: -1 سۆران 7خاڵ -2سیروانی نوێ 7خاڵ -3 برایەتی 5خاڵ-4دەربەندیخان 5خاڵ.



بەڕێوەبەری چالاکیی وەرزش و دیدەوانی هەولێر:

مانگی نیسان گەورەترین ڤیستیڤاڵی وەرزشی گوڕەپان و مەیدان ئەنجام دەدەین

ئا:سەرهەنگ نەجمەدین

بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی وەرزش ودیدەوانی هەولێر، بەهاوکاری پەروەردەی ناوەندی هەولێر، چالاکیی وەرزشییەکانی قوتابخانەکانی سنووری پارێزگای هەولێر بەڕێوەچوو.

پێڕێ خولی تۆپی دەستی قوتابخانەکانی سنووری پارێزگای هەولێر لەسەر ئاستی کچان دەستیپێکرد و کەتیایدا 18 قوتابخانەی ئامادەیی کچان بەشداریان کردووە و ڕۆژانەیش 2تا 3یاری ئەنجام دەدرێت .

مامۆستا بێجان ئیبراهیم بەڕێوەبەری چالاکیی وەرزش و دیدەوانی هەولێر سەبارەت بەڕێکخستنی خولەکە بۆ خەبات ڕایگەیاند: سالانە بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی وەرزش ودیدەوانی خول وپاڵەوانیەتی بۆ هەردوو ئاستی کوڕان وکچانی قوتابخانەکان ئەنجام دەدات کەیارییەکان بریتین لەتۆپی پێ وتۆپی باڵە و تۆپی دەست و تۆپی باسکە و یارییەکانی گۆڕەپان مەیدان و هەروەها چەندین یاری دیکەی وەرزشی.

هەر لەبارەی ڕێککخستنی فیستیڤاڵی وەرزشی گۆڕەپان ومەیدانی قوتابخانەکان بێجان ئیبراهیم گوتی: بەنیازین بۆ مانگی چوار گەورەترین فێستیڤاڵی وەرزشی گۆڕەپان ومەیدان ئەنجام بدەین و تیایدا زۆرترین چالاکیی وەرزشی وهەروەها نمایش کردنی چەندین شتی سەرنج ڕاکێش و جوان لەفێستیڤاڵەکەدا ئەنجام بدەین.

لۆکاکۆ ژمارەیەکی ڕۆنالدۆی لە ئینتەر هاوتا کردەوە

رۆمیلۆ لۆکاکۆی هێرشبەری بەلژیکی و یانەی ئینتەر میلانی ئیتالی توانی ژمارەیەکی ڕۆنالدۆ نازاریۆ دالیمای ئەفسانەی ئینتەر میلان هاوتا بکاتەوە، کە کاتی خۆی ئەو دیاردەیەی بەرازیل لە 11یاریی یەکەمی لەگەڵ ئینتەر توانیبووی 9 گۆل تۆمار بکات ئەویش لەوەرزی 1997-1998.

لۆکاکۆ توانی ئەو ژمارەیەی ڕۆنالدۆ هاوتا بکاتەوە کە تا ئێستا لە 11 یاریی یەکەمی یانەکەی توانی 9 گۆڵ تۆمار بکات، کە ئەمەش یەکەمین یاریزانە دوای ڕۆنالۆ لەماوەی 20 ساڵدا ئەو ژمارەیە هاوتا بکاتەوە، گۆڵەکانی لۆکاکۆش لەهەریەک لەیارییەکانی بەرامبەر لیتچی، کالیاری، میلان، ڕۆما، بریشیا ، و دوو گۆڵ لەهەریەک لەیارییەکانی بەرامبەر بۆلۆنیا و ساسۆلۆ.



سەبارەت بەیارییەکەی ئەمشەو

سەلاح: بردنەوە لە مانچستەر ستی نازناوەکە یەکلایی ناکاتەوە



یاری نێوان لیڤەرپوول و مانچستەر ستی، تامێکی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی لە نێوان یەکەم و دووەمی ڕیزبەندی خولی ئینگلتەرایە، لیڤەرپوول بە ئومێدی مانەوە لە لووتکە و ستیش بە ئومێدی کەمکردنەوەی جیاوازی خاڵەکانی نێوانیان یاری دەکەن. محەمەد سەلاح، ئەستێرەی یانەی لیڤەرپوول، لە بارەی ئەم یارییەوە، کە ئەمڕۆکە لە میانی گەڕی 12پرێمەرلیگ بەڕێوە دەچێت، لێدوانی بۆ تۆڕی (سکای سپۆرتس)ی ئینگلیزی دا و گوتی:"شتەکان هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە، لەوانەیە بە سێ یاری، ڕیزبەندی خولەکە بگۆڕێت، ئەگەر یانەیەک لە چەند یارییەکی بەدوای یەک بگلێت، یانەکە تووشی کێشە دەبێت". هەروەها وتی:"ئەگەر لە مانچستەر ستیش ببینەوە، هێشتا کاروانێکی درێژمان لە پێش دەمینێت، چونکە تازە لە سەرەتا داین، بۆیە قسەکردن لەسەر یەکلابوونەوەی خولەکە هێشتا زووە" وتیشی:"پارەکە لە مانگی کانوونی یەکەم، خەڵکی دەیانگووت لیڤەرپوول دەبێتە پاڵەوان، چونکە 7خاڵ لە پێش مان ستییەوە بووین، بەڵام لە کۆتاییدا ستی نازناوەکەی بەدەستهێنا". سەلاح لە بارەی دابەزینی ئاستی لەو وەرزەدا وتی:"من بایەخ بە قسەی هاندەران نادەم، تاکو یانەکەم ببات‌ەوە و منیش گۆڵ تۆمار بکەم، هیچ شتێکی دیکە بەلامەوە گرنگ نییە". ئەوەشی گوت:" بۆیە بایەخ بە قسەی هاندەران نادەم، بۆ ئەوەی فشارەکان لەسەر خۆم کەم بکەمەوە، من ئەو شتە دەکەم، کە پێم خۆشە و بەدڵی خۆمە". شیاوی باسکردنە، یانەی لیڤەرپوول بە کۆکردنەوەی 31خاڵ، یەکەمی ڕیزبەندی پرێمەرلیگی گرتووە، مانچستەر ستیش، بە کۆکردنەوەی 25خاڵ لە پلەی دووەم دێت.

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 10. Nov. 2019 No: (5867)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر




هەولێر.. لەرۆژی لەدایکبوونی پەیامهێنەری ئیسلامدا

فیلمەکان زۆر و بۆر بوون

بەهادین هەڵەبجەیی: ئەوەندەی تیقیەکان خۆیان سەرقاڵکردووە بە فیلمە دۆبلاژکراوەکانەوە نیو ئەوەندە گرنگی بدەن بە بەرهەمهێنانی درامای کوردی باشترە

دیمانە: پەریهان عومەر



بەهادین نوری ئەحمەد، ناسراوە بە بەهادین هەڵەبجەیی..لە ساڵی 1956لە شاری هەڵەبجە لە دایکبووە لەگەڵ بەهارخان هاوسەرگیری کردووە خاوەنی سێ کوڕ و کچێکە بە ناوەکانی [دڵنیاو بروسک و ڕاستگۆ خەڵات] لەحەفتاکانەوە سەرقاڵی کاری هونە ریبە زیاتر لەپەنجا شانۆیی هەیە نمونەیان -خۆناسەکان- دڵەبێ بەشەکان-حزبی کەرامەت و حزبی سەلامەت- دەروێشەکان بەدوای ڕاستیدا وێڵن- کوڕانی عەشق- پتر لە(١٥)زنجیرە درامای هەیە وەک ڕابوون و ریحانەو وەسیەتنامەو...یوسف ناگەڕێتەوە زیاتر لە (٢٠) کورتە فیلم و بەشداری دوو فیلمی سینەمایی کردووە (ژانی گەل و بێ کەس) بەپێوستمان زانی هەندێ پرسیار ئاڕاستەی ئەم هونەرمەندە بکەین:

هۆکار چییە کە بینەر لە درمای کوردی کەمی کردووە؟

من وای نابینم بە سوپاسەوە تیقی کەرکوک شەوانە دراما کوردیەکان پەخش ئەکاتەوەو بینەرێکی زۆری هەیە

وەکو ئەکتەرێک چی دەربارەی فیلمی دۆبلاژکراو دەڵێی کە لە کەناڵەکان پیشان دەدرێت؟

بەداخەوە ئەوەندەی تیقیەکان خۆیان سەرقاڵکردووە بەم فیلمە دۆبلاژکراوانە نیو ئەوە ندە گرنگی بدەن بە بەرهەمهێنانی درامای کوردی باشترە.

تا چەند درامای تیجاری یان باشتر بڵێین ئەو فیلمانەی کە لە هەندێک کەناڵ یان لەسینەماکان دەکرێت خزمەتی هونەری کوردی دەکەن؟

بەداخەوە فیلمەکان زۆر و بۆر بوون،بەڵام هەندێکیان تاڕادەیەک بینەری خۆیی هەیە

هەمیشە بۆ خەم و ئازاری نەتەوەکەی شتێکی نوێ پێشکەش دەکات

هونەرمەندێکی ڕانیە بەموزیک ئازارەکانی گەلی ڕۆژئاوا دەکاتە پەیامێک بۆ هەموو دونیا

خەبات / حەمزە سەرحان

هونەرمەندێکی کورد کەدانیشتووی ڕانیە لەڕێگەی ئامێری موزیکەوە ئازارەکانی نەتەوەیەک دەکاتە پارچە موزیکێک و وەک پەیامێک بۆ هەموو دونیا کە ئاستی ئازارەکانی گەلی ڕۆژئاڤا بێدەنگە.

کوردۆ سەردار کە کارەکەی ناو ناوە (HUMAN RIGHTS WATCH)ناوی موزیک و ژەنین و تۆمارکردنیە بە خەباتی ڕاگەیاند "ئەم پڕۆژەیە کارێکی موزیکە بۆ ئامێری پیانۆ وەک هاوخەمیەک بۆ دۆخی ژیانی ڕۆژاڤا کەدونیا لە ئاستی ئازارەکانی گەلی ڕۆژئاڤا بێدەنگە، لە ڕێگەی پێشاندانی چەند فۆتۆیەک لە ڕێگەی موزیکەوە وەک پەیامێک بۆ هەموو دونیا".



ئەوەشی خستۆتەڕوو "گەلی کورد زیندووە و لەگەڵ کولتوری گەلان، گۆرانی بۆ ئاشتی وپێکەوەژیان وجوانییەکان ئەچرین". کوردۆ سەردار موزیک دانەر و پیانۆ ژەن . لە 1984لە شاری ڕانیە لەدایک بووە لە ساڵی 2003پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی-بەشی موزیکی تەواوکردووە وساڵی 2015ش هەمان بەشی لە کۆلێژی هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشی موزیک دانانی تەواوکردووە خاوەنی چەند دانراوێکی موزیکییە بۆ ئۆرکێسترا و گروپەکانی دیکە.ئەم هونەرمەندە دوو کاریشی بۆ ئۆرکێسترای ژێدارلە لایەن ئۆرکێسترای سلێمانی نمایشکراوە بەناوەکانی(ئەی یار ، بارانە). هاوکات یەکێک لە بەرهەمەکانی کە سیانی ژێدارە بۆ یەکەم جار لە شاری (kalamazoo) ی ویلایەتی (Mich-igan) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نمایشکراوە.

هونەری ئەنتیوگرافیکی چنینی نوێ

ئاشتی گەرمیانی .. هزڵەندا

پیشەو کاری چنین لە جیهاندا میژوویەکی کۆن و بەرینی هەیە ، هەر ئەوەندەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدە سەرەتایەکانی مرۆڤ وە بۆ ئەو سەرەتایانەی کە مرۆڤ سوودی لە دەوروبەرو ئاژەڵ بینیوە ، بۆ گەرم کردنەوەی خۆی وە بۆ بەکارهێنانی کاری ڕۆژانەی ، ئەو کەلتووە کۆنە کە چنینە بەپێ ی سەدەکان و ساڵەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بە شێوەیەک کە فەرش و لاکێش و جاجم وەکو ڕاخەر پۆشاکی خۆ گەرم کردنەوە پیشەی دەستی بووە ، بەڵام ئەویش وەستایەتی پێوە بەدەر کەوتووە ، میژوویەکی کۆنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەسکیمۆکان و مەنگۆلی یەکان کە دەست ڕەنگیان تێدا بەکار هێناوە دواتر وولاتانی خۆرئاوای وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئێستاش جیهان بەگشتی ، لێرەدا من دەمەوێت سەرەنج لەو کارە پیشەیی یە بدەم کە هونەرێک جێگای سەرەنجە و ئەمڕۆ لە دوا پێشانگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدیدەی دەکەیت ئەو هونەرەیە کە چنینێکی ئەنتیوفۆگرافیکی یە لە ڕێگای ئینەو کامیراو فۆتۆشۆپەوە گواستراوەتەوە بۆ هونەرێکی ڕستنی ئەلکترۆنی و بە خامەیەکی ئاوریشمی یان پەتوە سروشتی یەکان دارێژراوە ، ئەوەش لە دەست و خامەی وولاتانی چینەوە پەرەی پێ دراوە وە لە وولاتی ئێران پێشانگای بازرگانی وولاتی شاری سنەو کرمانشاو تەهران بەڕێوە دەبرێن نمونەیەکی جوان و زیندووە بۆ پێشکەوتووی هونەری چنین کە لە کاری دەستی یەوە گواستراوەتەوە بۆ کاری ئەنتیوگرافیکێکی فۆتۆگرافی هاوچەرخ . وە پێشکەوتنێکە لەو کارو پیشەیی یانەی کە نێو مالّی کوردی پێ دەڕازێنرێتەوە وە ساخ کردنەوەی سروشتێکی جوانی جل و بەرگ و پۆشاکی کوردەواری و کەلتووری کوردی یە بە خۆمان و جیهانی دەرەوەی کوردستان .

